

American University of Iraq, Sulaimani
Dhia Jafar Center for Energy and Natural Resources

AUIS

# ئاسۆی وزەی عێراق

ئایاری 2026 - بڵاوکراوەی ژمارە یەک

بڵاوکراوەیەکی وەرزییە

وزە بنەمای ئابووری عێراقە: ناساندنی ناوەندی ضیاء جعفر و ئاسۆی وزەی عێراق

چاکسازی کەرتی کارەبای  کوردستان: ئاڵنگارییەکانی پرۆژەی ڕووناکی

قەیرانی داهاتە نەوتیەکانی عێراق لە سەردەمی شەڕدا

پەرەسەندنەکانی کەرتی وزە لە سیاقی خۆیدا

بڵاوکراوەیەکی ناوەندی ضیاء جعفرە بۆ وزە و سامانە سروشتییەکان لە زانکۆی ئەمریکی لە عێراق، سلێمانی (AUIS).

# دەربارەی
# بڵاوکراوەکە

ئاسۆی وزەی عێراق گۆڤارێکی وەرزییە و شیکاری سەربەخۆ و تایبەت بە سیاسەتی کەرتی وزە لە عێراق و هەرێمی کوردستان پێشکەش دەکات. توێژینەوەکانی لە بواری نەوت و غاز و کارەبا و وزەی نوێبووەوە بڵاودەکاتەوە و تیشک دەخاتە سەر ئەو گۆڕانکارییە ئابووری و پیشەسازییانەی کە کاریگەرییان لەسەر کۆی ڕەوتی گەشەپێدانی عێراق هەیە.
ئامانجی گۆڤارەکە ئەوەیە پرسە ئاڵۆزەکانی بواری وزە بە شێوەیەکی ڕوون و سادە بۆ هەمووان بخاتەڕوو، وەک پشتگیرییەک بۆ ئەو گفتوگۆیانەی لە بوارەکەدا ئەنجام دەدرێن لە لایەن بڕیاربەدەستانی سیاسەت و کەرتی وزە، توێژەران و هەموو ئەوانەی کە لەم بوارەدا کار دەکەن.

تیمی گۆڤارەکە

سەرنووسەر
محەمەد حسێن

بەڕێوەبەری گشتی
گوڵستان ئەمین

وەرگێڕان و پێداچوونەوە و داڕشتنەوە
کوردی: چیا کەریم
ئینگلیزی: وینترۆپ ڕۆدجێرز
عەرەبی: خولود العامری

بەرپرسی بەڕێوەبردن - چاپی کوردی
کەڤی عوسمان عەلی

دیزاین و بەرهەمهێنانی دیجیتاڵی
سورکێو حەمەکریم عەزیز

لایەنی بڵاوکەرەوە
ناوەندی ضیاء جعفر بۆ وزە و سامانە سروشتییەکان

دەربارەی بڵاوکەرەوە
ناوەندی ضیاء جعفر بۆ وزە و سامانە سروشتییەکان لە زانکۆی ئەمریکی لە عێراق، سلێمانی (AUIS) تایبەتە بە پێشخستنی توێژینەوە و گفتوگۆی سیاسی دەربارەی کەرتی وزەی عێراق و ڕۆڵی لە گەشەپێدانی ئابووری وڵاتەکەدا.

# خشتەی ناوەڕۆک

وزە بنەمای ئابووری عێراقە: ناساندنی ناوەندی ضیاء جعفر و ئاسۆی وزەی عێراق 05

چاکسازی کەرتی کارەبای کوردستان: ئالەنگارییەکانی پرۆژەی ڕووناکی

پێشەکی 07
پێش ڕووناکی: ئابووری سیاسی سیستەمێکی کارەبای داڕماو 08
لۆژیکی چاکسازی ڕووناکی 08
چاکسازی کەرتی کارەبا لە ژێر فشاردا 09
مەترسییە بونیادییەکان لە ژینگەیەکی ناجێگیردا 10
چاکسازی بونیادی، یان خۆڕاگرییەکی پێویست؟ 11
دەرئەنجام 12

قەیرانی داهاتی نەوتی عێراق لە سەردەمی شەڕ 14

پەرەسەندنەکانی کەرتی وزە لە سیاقی خۆیدا

قەیرانەکەی گەرووی هورمز و لاوازییە بنچینەییەکانی سیستەمی هەناردەکردنی نەوتی عێراق 17
هاتنی شێڤرۆن بۆ عێراق ئاماژەیە بۆ گۆڕینی کەشی وەبەرهێنان لە کەرتی نەوتدا 19
شەڕ و نائارامییە هەرێمایەتییەکان بازاڕی سووتەمەنی ناوخۆیی تێکدەدەن 21
عێراق ڕێگای هەناردەکردنی سوریای کردەوە بۆ چارەسەری تەنگەبەرییەکانی کەرتی سووتەمەنی 23

# کەرتی وزە بنەمای ئابووری عێراقە: ناساندنی ناوەندی ضیاء جعفر و ئاسۆی وزەی عێراق

بیلال وەهاب
سەرۆکی زانکۆی ئەمریکی لە عێراق، سلێمانی

کەرتی وزەی عێراق تەنیا کەرتێک نییە لە نێوان ئەوانی دیکەدا، بەڵکو بنەمای ئابووریی وڵاتەکەیە. بڕبڕەی پشتی دەوڵەتی عێراق و بزوێنەری دارایی گشتییە و هاوکات ڕەنگدانەوەی ماتەوزە و لاوازییەکانی وڵاتەکەشە. داهاتی نەوت گەورەترین پشکی داهاتی دەوڵەت و زیاتر لە نیوەی کۆبەرهەمی ناوخۆیی (GDP) وڵاتەکە پێکدەهێنێت. بۆیە ئەم کەرتە پەنجەرەیەکی سەرەکییە کە لە ڕێیەوە دەتوانین لە پەیوەندی نێوان عێراق و جیهانی دەرەوەی تێبگەین.

هەر لەم ڕوانگەیەوە، ناوەندی ضیاء جعفر بۆ وزە و سامانە سروشتییەکان لە زانکۆی ئەمریکی لە عێراق، سلێمانی (AUIS)، گۆڤاری ئاسۆی وزەی عێراق بڵاودەکاتەوە. ئەم بڵاوکراوەیە پابەندە بە گەڵاڵەیکی سادە، بەڵام لە هەمان کاتدا پێویست و ناچاریش: ئەویش ئەوەیە کە بابەت و گفتوگۆکانی کەرتی وزەی عێراق (بە کوردستانیشەوە) گرنگە و پێویستە لەسەر بنەمای ڕاستییە سەرەتاییەکان بێت.

عێراق پێویستی بە شیکاری باشتری بواری وزە، داتای دروست و وردتر، پێشبینی باشتر و گفتوگۆیەکی نیشتیمانی ڕێکخراوتر هەیە دەربارەی ئەم کەرتە کە لە ئاستێکی بەرزی بەرپرسیارێتیدا بێت. چونکە دواجار هەر ئەمەیە کە سەرچاوەی دارایی گشتی و تا ڕادەیەک ژیان و بژێوی زۆربەی تاکەکانی وڵاتەکەشیەتی.

ساڵانێکی زۆرە گفتوگۆکانی بواری کەرتی وزەی عێراق لەژێر کاریگەری سیاسەتی ڕۆژانە و قەیرانەکان و دروشم و سازانە کورتخایەنەکاندا بەڕێوە دەچن. لە وڵاتەکەدا بۆچوونی زۆر هەیە دەربارەی نەوت، گاز، کارەبا، هەناردەکردن، گومرگ، ململانێی هەولێر و بەغدا، ئۆپێک (OPEC) و پەیوەندییەکانی عێراق لەگەڵ ئەمریکا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی. بەڵام ئەوەی کە نییە پلاتفۆرمێکی تایبەتمەند و پیشەییە کە زانیاری و شیکاری وردبینانە بۆ بەستنەوەی ئامارەکان بە سیاسەت و هەروەها سیاسەت بە دەرئەنجامەکانییەوە..

ئەمە ئەو بۆشاییەیە کە ئاسۆی وزەی عێراق هەوڵی پڕکردنەوەی دەدات.

عێراق پێویستی بە مۆدێلێکی نوێی بەڕێوەبردنی کەرتی وزە هەیە، ئەمە نەک تەنیا بە مانا تەکنیکییە بەرتەسکەکەی، بەڵکو وەک چوارچێوەیەکی شیکاری نیشتمانییانە. ئێمە پێویستمان بە ئامرازگەلێک هەیە کە لەسەر بنەمای داتا و زانیاری یارمەتیمان بدات بۆ پێشبینیکردنی خواست و خستنەڕوو، بەدواداچوون لە ڕوودانی گۆڕانکارییەکان، لە ئاڵوگۆڕەکانی ڕەفتاری گشتی بازرگانی وزە. پێویستمان بەوەیە کە پێشبینیە پیشەسازییەکانمان بۆ دەستنیشان بکات و دەرئەنجامەکانی بژاردە سیاسییەکان تاقیبکاتەوە پێش ئەوەی بگۆڕدرێن بۆ قەیران.

پێویستە لەگەڵ بینینی توانای بەرهەمێنانی عێراق لەوەش تێبگەین چی ڕوودەدات کاتێک ڕێگاکانی هەناردەکردن دادەخرێن، خواست لەسەر کارەبا بەرز دەبێتەوە، گومرگەکان دەگۆڕدرێن، دابینکردنی گاز پەکدەخرێت، ئۆتۆمبێلی کارەبایی دێتە بازاڕەوە، بەرهەمهێنانی ناوخۆیی فراوانتر دەبێت، یان فشارەکانی کەشوهەوا بە تەواوی دەستراگەیشتنمان بە ئاو و وزە و کشتوکاڵ دەگۆڕێت.

بێگومان مۆدێلێکی وا نابێتە ئامرازێکی جادویی بۆ پێشبینکردنی داهاتوو، بەڵام بەلای کەمەوە هەبوونی زۆر باشترە لەوەی کە گرنگترین کەرتی وڵاتەکە لەسەر بنەمای ئەزموونەکانی ڕابردوو بەڕێوە ببرێن.

پێویستی بۆ ئەم مۆدێلە شیکارییە تادێت زیاتر و گرنگتر دەبێت. لاوازییەکانی عێراق تیۆری نین؛ بەڵکو کێشەی دیار و بەرچاون لە نەبوونی هەمەچەشنی کەناڵەکانی هەناردەکردن، لاوازی کەشی وەبەرهێنان، ناسەقامگیری سیستەمی کارەبا، سیاساتی ناڕوون، هەڵپەساردنی ناکۆکییەکانی نێوان حکومەتی فیدراڵی و حکومەتی هەرێمی کوردستان و پشتبەستن بە نەوت وەک داهاتی سەرەکی، کەوتنە ژێر کاریگەری شەڕە هەرێمایەتییەکان و خێراتربوونی فشارەکانی گۆڕانی کەشوهەوا و پێداویستی بۆ گواستنەوە بەئاراستەی وزە نوێبووەکان.

بێگومان سیستەمی وزە گۆڕانکاری بەسەردا دێت و بەدەر لە توانا و بارودۆخ و سنوورەکانی عێراق. هاوکات بەرهەمهێنەران خۆیان بۆ سیناریۆی جیاوازی خواست-بۆ-وزە ئامادە دەکەن. بازاڕەکان تادێت کێبڕکێیان زیاتر دەبێت و تەکنەلۆژیا بەشدارە لە گۆڕینی شێوازی بەکاربردنی وزە.

زۆر بە سادەیی، عێراق بە شێوەیەکی مەترسیدار پشت-بەستووە بە کۆمەڵێک گریمانەی لەرزۆک وەک: بەردەوام نەوت هەناردە دەکرێت، نرخەکان بە شێوەیەکی گونجاو دەمێننەوە، ڕێگاکانی هەناردەکردن بە کراوەیی دەمێننەوە و داهاتی گشتی هاوسەنگ دەبێت لەگەڵ چاوەڕوانییەکانی خەڵکدا. ئەمەش تەنها لاوازییەکی کەرتی وزە نییە بەڵکو لاوازییەکی دارایی و جیۆپۆلەتیکیشە.

عێراق پشت بە کاڵایەک دەبەستێت کە نرخەکەی کۆنترۆڵ کراو نییە. پشت بە کەناڵێکی دارایی گشتی دەبەستێت کە مەحاڵە هەتا سەر متمانەی پێ بکرێت. هەموو شۆکێکی نرخ، پەککەوتنی هەناردەکردن، یان سنووردارکردنی دەستراگەیشتن بە دۆلاری داهاتە نەوتیەکان دەتوانێت بە خێرایی ببێتە قەیرانێکی بودجە ئەگەر پاشەکەوتی پێویست، میکانیزمی سەقامگیری، هەناردەکردنی هەمەچەشن و دەستراگەیشتن بە داهاتی نانەوتی نەبێت.

ڕووداوەکانی ئەم دواییە بە ئازارەوە ئەم لاوازییانەیان خستۆتە ڕوو. ئەمەش نیشانیدان کە چۆن ململانێکانی دەوروبەری گەرووی هورمز، پشتبەستنی زۆری عێراق بە هەناردەکردنی نەوت لە دەروازەکانی بەسرە و باشوور و نەبوونی جێگرەوەیەکی کاریگەر (لەوانەش بۆرییەکی ستراتیژی کە باشوور بە باکوورەوە ببەستێتەوە) چ گرفتێکی سەختە. عێراق نەیتوانی بە ئاسانی ڕێڕەوی هەناردەکردنی نەوتەکەی بگۆڕێت، بەشێکی بەهۆی ناکۆکییە بەردەوامەکانی نێوان هەولێر و بەغدادەوە بوو. هاوکات بە هۆی نەبوونی توانای عەمبارکردنەوە عێراق بەهەرەم هێنانی نەوتیشی وەستاند، ڕێگەی جێگرەوەی گونجاوی نەبوو پشتی پێ ببەستێت، سندوقی یەدەکی داراییش نیە لەم کاتانەدا پەنای بۆ ببات. تەنانەت داهاتە نەوتیەکانیشی ڕووبەڕووی ئاڵۆزییەکانی پەیوەست بە نەختینەیی دۆلار و گرفتی پەیوەندییەکانی لەگەڵ واشنتۆن بۆوە. بۆ وڵاتێک کە خەزێنە گشتییەکەی پشت بە هەناردەکردن و نرخی نەوت دەبەستێت (کە عێراق توانای کۆنترۆڵکردنی نییە)، ئەمە تەنیا ناسەقامگیری نییە، بەڵکو مەترسییەکە لە ژێرخان و بونیادی وڵاتەکەدا.

ئەمەش نەهامەتی سەرچاوەکانە. دەوڵەت قازانجی خۆی لە نەوتەوە دەستدەکەوێت، خەرجییەکان هەر لە ڕێی نەوتەوەیە، دامەزراندن لەم ڕێگەیەوەیە و لە نەوتەوە پاڵپشتییەکان دابین دەکات؛ هەر بەهۆی نەوتیشەوە دەسەڵاتە سیاسییەکە خۆی دەپارێزێت.

لەگەڵ ئەوەشدا هاووڵاتیان بەدەست کەمی کارەبا و سووتەمەنی و خراپی خزمەتگوزاری و کەمی هەلی کار و نیگەرانی دارایی زۆرەوە دەناڵێنن. بودجەی عێراق تەنیا وابەستەی نەوت نییە، بەڵکو کاریگەر دەبێت بە هەموو هەڵاوسانێکی نرخ، هەر ڕاوەستاندنێکی هەناردەکردن، یان هەر سنووردارکردنێک بۆ دەستڕاگەیشتن بە داهاتەکان.

لە ساڵانی سەقامگیری و داهاتی زۆری نەوتدا، وڵاتەکە بەشی پێویست پاشەکەوتی نەکردووە، سیستەمێکی دارایی بونیادنەناوە تا لە کاتی داڕووخانی داهاتە نەوتیەکان پشتی پێ ببەسرێت، بنەمای داهاتەکانی دەوڵەتی هەمەڕەنگ نەکرد، ژێرخانێکی دروست نەکرد کە لەگەڵ گرنگی ئەو سەرچاوانەی پشتی پێبەستبوو، بگونجێت.

ئەگەر سەرچاوەی داهات توانای خۆڕاگری و بەردەوامی نەبێت، ئاسایش دروست ناکات؛ بەڵکو لاوازی و کەموکوڕییەکە لە بەرگی سەروەت و ساماندا دەنوێنێت.

ژمارەی یەکەمی "ئاسۆی وزەی عێراق" تەنها بڵاوکراوەیەک نییە دەربارەی پێشهاتەکانی وزە، بەڵکو بانگهێشتێکە بۆ بیرکردنەوەیەکی جیاواز.

ئێمە لە کارەباوە دەست پێدەکەین چونکە ئەو کەرتەیە بەهۆیەوە هاووڵاتیان ڕۆژانە مامەڵە لەگەڵ دەوڵەتدا دەکەن. شیکارییەک بۆ پرۆژەی "ڕووناکی" لە هەرێمی کوردستان، کە لە بابەتی "چاکسازی کەرتی کارەبای کوردستان: ئاڵنگارییەکانی پرۆژەی ڕووناکی "دا هاتووە، دان بە پێشکەوتنی ڕاستەقینەدا دەنێت لە کۆنترۆڵکردنی پارەی کارەبا و بە ئەقڵانیکردنی خواست و کەمکردنەوەی وابەستەیی بە موەلیدەکانی کارەبا.

هاوکات ئەوەش ڕووندەکاتەوە کە چۆن چاکسازیەکانی نرخ و پێوەرە زیرەکەکان بەس نین. کاتێک هێرشی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان دابینکردنی غاز لە کۆرمۆرەوە پەکدەخات، چاکسازی لە کەرتی کارەبادا دەگۆڕێت بۆ بابەتی ئاسایشی وزە. متمانەپێکردن، قبوڵکردنی ڕای گشتی، هەمەچەشنکردنی سووتەمەنی و پلاندانان بۆ ڕووداوە مەترسیدارەکان شتێکی لاوەکی نین؛ بەڵکو پێشمەرجێکی بنەڕەتین بۆ چاکسازیەکی سەرکەوتوو.

پاشان دەچینە سەر هەناردەکردنی نەوت و دارایی گشتی. ڕاپۆرتێک بەناونیشانی " قەیرانی داهاتە نەوتیەکانی عێراق لە کاتی شەڕدا" ئەوەمان نیشان دەدات کە چۆن دۆخی دارایی عێراق بە خێرایی تێکدەچێت کاتێک ڕەوتی هەناردەکردنی نەوتەکەی بەهۆی شەڕە هەرێمایەتییەکانەوە پەک دەخرێت. وانەکە ڕوونە: چڕبوونەوەی هەناردەکردن تەنیا کێشەیەکی لۆجستی نییە؛ بەڵکو لاوازییەکی نەتەوەییە. ئەگەر یەک ڕێگا زۆرینەی هەرە زۆری نەوتی خاوی وڵات هەناردەبکات، یەک شۆک دەتوانێت قەیرانی بودجە و قەیرانی مووچە و قەیرانی حوکمڕانی لێبکەوێتەوە.

دوا بابەتی ئەم وەرزە بەناونیشانی "پەرەسەندنەکانی کەرتی وزە لە سیاقی خۆیدا" کە بەدواداچوونێکی کورتە بۆ پێشهاتە سەرەکییەکانی کەرتی وزەی عێراق لەوانە قەیرانی گەرووی هورمز، ئەگەری هاتنە ناوەوەی شیڤرۆن بۆ کەرتی نەوتی عێراق، کورتهێنان و گرفتەکانی بازاڕی بەرهەمە نەوتیەکان لە عێراق و هەروەها کردنەوەی ڕێڕەوی هەناردەکردنی سوریا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی پاڵاوتن. هەریەک لەم پێشهاتانە بۆخۆیان گرنگن، بەڵام پێکەوە ئاماژە بە ڕاستییەکی فراوانتر دەکەن؛ ئەوەی لە ئێستادا کەرتی وزەی عێراقی ڕەنگڕێژکردووە هۆکارە جیۆپۆلەتیکییەکانە، سنوورداری ژێرخانەکەیەتی، ئاماژەکانی وەبەرهێنانە، بەکارهێنانی ناوخۆیی و توانای دامەزراوەیی وڵاتەکەیە.

لەبەر ئەم هۆکارانە، ناوەندی ضیاء جعفر بۆ وزە و سامانە سروشتییەکان ڕوانگەیەکی هەمەلایەنەی دەبێت بۆ کەرتی وزەی عێراق، کە تا ڕادەیەک بزوێنەری سەرەکی ئابووری وڵاتەکەیە. ئێمە توێژینەوە لە کەرتی نەوت و گازدا ئەنجام دەدەین، بەڵام تەنها لێرەدا خۆمان سنووردار ناکەین. بەدواداچوون بۆ کارەبا، دارایی گشتی، سیاسەتی پیشەسازی، پیشەسازییە ناوخۆییەکان، کەرتی گواستنەوە، ئۆتۆمبێلی کارەبایی، بەکارهێنانی ماڵان، ڕەفتاری کۆمپانیاکان، فشارەکانی کەشوهەوا و پەیوەندی نێوان وزە، ئاو و ژینگە دەکەینە بابەتی توێژینەوە و کارەکانمان.

ئامانجمان ئەوەیە کە ڕێبازێکی پڕ ئەزموون بهێنینە ناو مشتومڕێکەوە کە زۆرجار لە ڕادەبەدەر بەرگی سیاسەتی بە بەردا دەکرێت. ئێمە لەگەڵ ناوەندە پێشکەوتووە جیهانییەکانی ئەم بوارە کاردەکەین بۆ پەرەپێدانی میتۆدی کۆکردنەوەی زانیاری، مۆدێلی شیکاری، و ئامرازەکانی پێشبینیکردن کە لەگەڵ ڕاستیەکانی عێراقدا بگونجێت. ئێمە بنکەی زانیاری و داتا بونیاد دەنێین، شیکاری سیاسەت بڵاودەکەینەوە، بەشداری گفتوگۆی ماناداد دەکەین، و بەشداری دەکەین لە پەرەپێدانی چەمکسازییەکی هاوبەش بۆ چاکسازی. پرسیاری بنچینەیی دەکەین، بەڵام ئامانجمان بونیادنانە: پشتیوانی لە بڕیاردانی باشتر دەکەین بە ئامانجی بونیادنانی وڵاتێکی خۆڕاگرتر بۆ عێراق و هەرێمی کوردستانیش.

ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە تەنیا بەشێکە لە ئەرکەکە. سەنتەری ضیاء جعفر بۆ وزە و سامانە سروشتیەکان لە زانکۆیەکدا لەنگەری گرتووە، ئەوەش هەنگاوێکی گرنگە. واتە ئێمە تەنیا شیکاری بۆ بڕیاردەرانی ئەمڕۆ ناخەینەڕوو، بەڵکو ڕاهێنان بە ئەو کەسانە دەکەین کە دیدگای وزە بۆ داهاتوو بەهێز دەکەن.

ئێمە کاردەکەین بۆ بونیادنانی توانای ئەنجامدانی توێژینەوە، دروستکردنی دەرفەت بۆ خوێندکاران و گەنجانی پیشەیی، پشتگیریکردنی توێژەران و زانایانی سەردانیکەر، و پەرەپێدانی کارمەندی شارەزا بۆ کارکردن لە گەڵ حکومەت، کەرتی تایبەت، کۆمەڵگای مەدەنی و ناوەندە ئەکادیمیەکان. عێراق بە تەنیا پێویستی بە سیاسەتی باشتر نییە، بەڵکو پێویستی بە کەسانێک هەیە بتوانن داتاکان شیبکەنەوە و گریمانەکان بخەنە ژێر پرسیارەوە و لە بازاڕەکان تێبگەن و دامەزراوەکان بەڕێوەبەرن و بە شێوەیەکی کارا و بە یەکپارچەیی خزمەت بە بەرژەوەندی گشتی بکەن.

ئەوە ئەو جیاوازییەیە کە سەنتەرێکی وا لە زانکۆیەکدا دەتوانێت دروستی بکات. ئێمە سەکۆیەکین بۆ لێکۆڵینەوە، هاوکات بۆ بونیادنانیش. ئێمە ناوەندێکین بۆ شیکردنەوە، هاوکات بۆ گفتوگۆش. ئەم ناوەندە هەم بانگهێشت دەکات، هەم مەیدانی مەشق و ڕاهێنانیشە.

گۆڤاری "ئاسۆی وزەی عێراق" سەرەتای دەستپێکردنێکی خاکی و ئامانجێکی گەورەیە. لە ڕێگەیەوە هەوڵدەدەین پرسە ئاڵۆزەکانی وزە سادە بکەینەوە، بەڵگەکان بە سیاسەتەوە ببەستینەوە و بەشداربین لە گفتوگۆیەکی نیشتمانی جددی دەربارەی داهاتووی عێراق. دەکرێت بەرەوپێش بچین. عێراق و هەرێمی کوردستان خاوەنی سەرچاوە و شارەزایی و شوێنی جوگرافی لەبارن، لەگەڵ هەبوونی زۆری ژمارەی دانیشتووانی گەنج کە تامەزرۆی دەرفەتن. بەڵام بە تەنیا توانا سیاسەت پێک ناهێنێت، سەرچاوەکان گەرەنتی خۆڕاگری ناکەن، داهاتیش گەشەپێدان مسۆگەر ناکات.

ئایندەی وزەی عێراق بەتەنیا بە هیوا مسۆگەر ناکرێت. بۆ ئەوەی ببێتە سەرچاوەی خۆشگوزەرانی، پێویستی بە داتا، دیسیپلین، وەبەرهێنان، ڕوونی دامەزراوەیی، ژێرخان، و متمانەی ڕای گشتی هەیە.

ئاسۆی وزەی عێراق بەم ڕۆحیەتەوە پێشکەش دەکرێت.

# چاکسازی کەرتی کارەبای کوردستان: ئاڵەنگارییەکانی پرۆژەی ڕووناکی

محەمەد حسێن

چاکسازی لە کەرتی کارەبادا یەکێکە لە سەختترین ئاڵنگارییە سیاسییەکانی بەردەم عێراق. دەیان ساڵە حکومەتەکانی عێراق، بە حکومەتی هەرێمی کوردستانیشەوە، بە خراپی وەبەرهێنانیان لە کەرتی کارەبادا بەڕێوەبردووە. هاوکات خواست لەسەر کارەبا بەردەوام لە بەرزبوونەوەدایە. ئەم حکومەتانە سەرکەوتوو نەبوون لە سنووردارکردنی خواست لەسەر کارەبا لە ڕێگەی کۆکردنەوەی پارەی کارەبا، یان دانانی پێوەرەکانی کارایی وزە لە یاساکانی بیناسازیدا.

دەرەنجامێکی ئەم بەڕێوەبردنە لاوازە بریتیە لە کەمی کارەبای دەستەبەرکراو بۆ بەکاربەران بۆ ساڵانێکی زۆر چونکە هەمیشە خواست لەسەر کارەبا زۆر زیاتر بوو لەو بڕەی کە بەردەست کرابوو. بە تێپەڕبوونی کات ئەم ناهاوسەنگییە دۆخێکی دروستکرد کە کەرتی گشتی توانای دابینکردنی کارەبای نەبوو، بۆیە هاوتەریب بازاڕێکی گرانی دروستکرد بۆ مولیدە گازییەکانی گەڕەکەکان کە ئەو کەلێنەی نێوان خواست و خستنەڕووی کارەبایان پڕدەکردەوە. دەرئەنجامەکەی ئەوە بوو هاووڵاتی دوو جار پارەی کارەبای دەدا؛ جارێک بە حکومەت و جارێکیش بە خاوەنی موەلیدەی گەڕەکەکان، بەڵام هێشتا کارەبای تەواوی ٢٤ کاتژمێرییان بۆ دابین نەدەکرا. هاوکێشەکە بێ مانا بوو، بەڵام توانای بەردەوامی هەبوو چونکە لە ڕووی سیاسییەوە قبوڵکراوبوو.

پرۆژەی ڕووناکی ، کە لە ساڵی ٢٠٢٤ لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە خرایە بواری جێبەجێکردنەوە، هەنگاوێکی گرنگی چاکسازیە بۆ چارەسەرکردنی کێشە بەردەوامەکانی کارەبا کە لەم چەند ساڵەی ڕابردوودا بۆ شکاندنی سووڕی کێشە بەردەوامەکانی کارەبا دەستی پێکردووە. ئەم پرۆژەیە بە بەکارهێنانی پێوەرە زیرەکەکان، پسووڵەی دیجیتاڵی و نرخدانان بەپێی بەکارهێنان لەگەڵ پابەندبوون بە بەڕێوەبردنێکی ناوەندییانەی کارەبا، دەستیپێکرد. ئامانجی پرۆژەکە ئەوەیە تا کۆتایی ساڵی ٢٠٢٦ کارەبای ٢٤ کاتژمێری بۆ سەرانسەری هەرێمی کوردستان دابین بکات.

لەگەڵ ڕووماڵکردنی سەرتاسەری لە هەولێر، سلێمانی، دهۆک و هەڵەبجە[١]، تا ئێستا نزیکەی ٥ ملیۆن و نیو دانیشتووانی کوردستان، کە نزیکەی ٨٥%ی دانیشتووانی هەرێمەکەیە، لە تۆڕی پرۆژەکەدا تۆمارکراون. لە قۆناغی سەرەتادا، پرۆژەکە دەستکەوتی ڕاستەقینەی بەدەستهێناوە: توانی ٢٤ کاتژمێر کارەبا لەو ناوچانا دابین بکات کە پێوەری بۆ دانابوون، پابەندبوونێکی بەهێزتری پارەدانی هێنایە ئاراوە و هاوکات پشتبەستنی بە موەلیدەکان کەمکردەوە. بەڵام هەڵگیرسانی شەڕی ئەمریکا و ئیسرائیل لەگەڵ ئێران، بووە هۆی دەرخستنی لاوازییەکی بونیادی کە کۆی گشتی سیستەمەکەدا کە شێوازی پارەدان بە تەنها ناتوانێت چارەسەری بکات. ئەم شەڕە دابینکردنی وزەی کارەبای لە هەرێمی کوردستان توشی گرفتێکی گەورەکرد؛ ئەمەش بەهۆی ڕاگرتنی کارەکانی کێڵگەی غازی کۆرمۆر'ەوە بە ،مەبەستی خۆ پارێزی، کە ئەم کێڵگەیە سەرچاوەی بەرهەمهێنانی نزیکەی ٨٠%ی کارەبای هەرێمی کوردستانە[٢]. تەنانەت لەو ناوچانەی کە بە تەواوی لەلایەن ڕووناکییەوە کارەبایان پێ دەدرێت، دابینکردن بە شێوەیەکی بەرچاو دابەزیوە، بەشێوەیەک هەندێکجار توانای دابینکردنی تەنیا ١٠ بۆ ١٢ کاتژمێری لە ڕۆژێکدا هەبوو. ئەمەش خەڵک و دەسەڵاتە ناوخۆییەکانی ناچارکرد وەک ڕێگەیەکی فریاگوزار و جێگرەوە دووبارە ڕوو لە موەلیدەکان بکەنەوە.

ئەم بابەتە هەوڵێکە بۆ شیکارکردنی ئەوەی کە چۆن شەڕو ململانێکانی ناوچەکە چاکسازیەکانی پرۆژەی ڕووناکی ڕاناگرن، بەڵام بەشێوەیەکی سەرەکی ڕەنگ و ڕووخساری دەگۆڕێت و دووبارە چوارچێوەیەکی تری بۆ دادەنێن. چونکە بۆ ئەوەی پرۆژەکە بەردەوام بێت، پێویستە ئاسایشی وزە لە پاڵ کارنامەی نرخ و کارایی خۆیدا ڕەچاوبکات و جێگیری بکات.



کارمەندێکی کارەبای حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بۆردێکی دابەشکردنی کارەبا  دەکۆڵێتەوە وەک بەشێک لە کارەکانی پرۆژەی ڕووناکی
وێنەکە لە ماڵپەری فەرمی پرۆژەی ڕووناکی وەرگیراوە


# پێش ڕووناکی:
# ئابووری سیاسی سیستەمێکی کارەبای دارماو

پێش پرۆژەی ڕووناکی هەرێمی کوردستان وەک ناوچەکانی تری عێراق بە دوو سیستەمی کارەبا کاری دەکرد. کارەبای پاڵپشتیکراوی کەرتی گشتی (کارەبای حکومی) دابین دەکرا، بەڵام توانای دابینکردنی خواستی خەڵکی نەبوو. لە بەرامبەردا موەلیدەی گەڕەکەکان بە نرخێکی گرانتر لە بازاڕ ئەو بۆشاییەیان پڕدەکردەوە.

ئەم ڕێکخستنە ناکارامە بوو، بەڵام بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش بەردەوام بوو. نرخی پاڵپشتیکراوی کارەبای حکومی کەم بوو، ئەمەش هاندەر بوو بۆ زۆر خەرجکردنی کارەبا و نەدانی کرێکەی. لە لایەکی دیکەوە، خاوەنی موەلیدەکان هەمیشە ئامادەبوون بۆ دابینکردنی کارەبا، بە لام بە نرخێکی زۆر گران. عێراق لە بەرزترین ئاستی جیهانیدابوو بۆ لەدەستدانی وزەی کارەبا بەهۆی گواستنەوە و دابەشکردن. بەپێی خەمڵاندنێکی بانکی نێودەوڵەتی، زۆرجار بڕی لەدەستچوو دەگەیشتە ٥٠% بۆ ٦٠%ی کۆی بەرهەمی کارەبا[٣]. سیستەمەکە بەردەوام بوو، چونکە لە ڕووی سیاسییەوە کاری دەکرد، بەڵام لە ڕووی ئابوورییەوە شکستی هێنابوو.

تێچووی داراییش بە هەمان شێوە زۆر بوو [٤]. ساڵانە حکومەتی هەرێمی کوردستان زیاتر لە ٢،٦ ترلیۆن دیناری عێراقی (واتە نزیکەی ٢ ملیار دۆلاری ئەمریکی)ی دەدا بە کۆمپانیا سەربەخۆکانی بەرهەمهێنانی کارەبا کە وزەیان بۆ تۆڕی گشتی دابین دەکرد، هاوکات تەنها ٠،٦ ترلیۆن دینار (نزیکەی ٤٦٢ ملیۆن دۆلاری ئەمریکی) داهاتی دەستدەکەوتەوە، ئەمەش بەهۆی سنووردارکردنی تەکنیکی پسووڵە و پارەدان و دزینی فراوانی وزەی کارەباوە بوو [٥]. وەک لە وێنەی یەکەمدا دەردەکەوێت، سیستەمەکە بەردەوام بوو نەک لەبەر ئەوەی کارامە بوو، بەڵکو لەبەر ئەوەی خزمەتی بە بەرژەوەندی ئەوانە دەگەیاند کە بەشێک بوون لێی.

وێنەی ١ - ئابووری سیاسی و دوو بازاڕی کارەبا پێش پرۆژەی ڕووناکی





سەرچاوە: وێنەکێشان لە لایەن نووسەری بابەت

# لۆژیکی چاکسازی ڕووناکی

پرۆژەی ڕووناکی دوو لە گەورەترین کەموکورییەکانی سیستەمەکە دەکاتە ئامانج: لاوازی لە جێبەجێکردنی یاسا و شێواندنی نرخەکان. پێوەرە زیرەکەکان و پسووڵەی دیجیتاڵی، دزی و نەدانی پارە کەم دەکەنەوە، هاوکات ئاستی کۆکردنەوەی داهات بەرز دەکەنەوە. گۆڕانکاری لە نرخی کارەبادا بە پێی بڕی بەکارهێنراو دەبێتە هۆی گۆڕینی ڕەفتاری بەکاربەر، ئەمەش دواجار ڕەنگدانەوەیەکی دروستی تێچووی بەرهەمهێنانی کارەبا نیشان دەدات. وەک لە وێنەی ٢ دا دەردەکەوێت، نرخی کارەبا بۆ ئەو بەکاربەرانەی کەمتر کارەبا خەرج دەکەن لە ئاستێکی گونجاودا دەمێنێتەوە. لە کاتێکدا بەکارهێنانی زیاتر وردە وردە گرانتر دەبێت. واتە لەم سیستەمەدا بڕی پارەی پسووڵەی کارەبا بەندە بە ڕادەی بەکارهێنانی کارەبا و ئەمەش یارمەتیدەرە بۆ خێزانە کەمدرامەتەکان. هاوکات پێکهاتەی هاندان لە نرخدانانی سیاسییەوە دەگۆڕێت بۆ بڕی بەکاربردن کە ڕەنگدانەوەی واقیعی ئابوورییە.

وێنەی ٢ - پێکهاتەی باجی ڕووناکی بۆ ماڵان و بەکارهێنەرانی بازرگانی




سەرچاوە: ماڵپەڕی فەرمیی حکومەتی هەرێمی کوردستان [٦]

لەهەل و مەرجێکی هاوشێوەدا، چاکسازی لە کۆکردنەوەی کرێی کارەبای وڵاتی ئوردن ئەوە نیشان دەدات کە بەرزبوونەوەی وردە وردەی نرخەکان بە پێی بەکارهێنان و قەرەبووکردنەوەی ئامانجدار، یارمەتیدەر ئەبێت لە بەدەستهێنانەوەی تێچووی بەرهەمهێنانی کارەبا و هاوکات کۆمەکی خێزانە کەمدرامەتەکانیش دەکات. دۆزینەوەکانی بانکی جیهانی ئاماژە بەوە دەکەن کە سەرکەوتنی چاکسازیەکە زۆر پەیوەستە بە داڕشتنی شێوازی دابەشکردن و ڕادەی پەسەندکردنی لە لایەن کۆمەڵگاوە. پرۆژەی ڕووناکی لۆژیکێکی هاوشێوە دەگرێتەبەر بەڵام زیاتر جەخت لەسەر پێوەرە دیجیتاڵییەکان و جێبەجێکردنیان دەکاتەوە. سەرەڕای ئەوەش، ڕووبەڕووی ئالەنگارییەکی گەورەی ئاسایشی وزە دەبێتەوە کە جێبەجێکردنی پرۆژەکە ئاڵۆزتر دەکات[٧]. ئەنجامەکان بەرچاو بوون. بە گوتەی کەمال محەمەد، وەزیری کارەبای حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە وەرزەکانی بەرزترین خواست بۆ کارەبادا ( زستان و هاوین) لەو ناوچانەی لە ناو بازنەی پرۆژەی ڕووناکیدان ، خواست بۆ کارەبا بە نزیکەی ٤٠% دابەزیوە.[٨] بۆ نموونە کۆمەڵگایەکی نیشتەجێبوون کە پێشتر پێویستی بە ١٠ مێگاوات بوو ئێستا تەنیا ٦ مێگاواتی پێویستە. ئەمەش هۆکاربوو کە تۆڕەکە لە دابینکردنی بەردەوام نزیک بێتەوە بێ ئەوەی پێویستی بە بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنان هەبێت. ئەمەش بەڵگەی بەهێز دەخاتە ڕوو کە کاریگەری هێماکانی نرخ (Price Signals) دەتوانن تا چ ڕادەیەک خواست لە سەر کارەبا کەم بکەنەوە.

داتاکانی سیستەمی پارەکۆکردنەوەی کارەبای حکومەتی هەرێمی کوردستان وێنەیەکی دڵنیاکەرەوە لە توانای کڕین نیشان دەدەن. نزیکەی نیوەی خێزانەکان مانگانە پسووڵەیان لە خوار ٧٣ هەزار دیناری عێراقی (نزیکەی ٥٣ دۆلاری ئەمریکی) بەدەست گەیشتووە، لە کاتێکدا ٨٠% پسووڵەیان لە خوار ١٦٠ هەزار دیناری عێراقییەوە (نزیکەی ١٢١ دۆلاری ئەمریکی) بەدەست گەیشتووە [٩]. بەڵام ڕاپۆرتەکان ئاماژە بە زیادبوونی نرخی پسووڵەکان دەکەن لە مانگەکانی زستاندا بەهۆی زیادبوونی بەکارهێنان، درێژبوونەوەی کاتی ماوەی پارەکۆکردنەوە و زیادبوونی بەکاربردن. ئەمەش کەلێنێک نیشان دەدات لە نێوان میکانیزمی نرخدانان و تێڕوانینی گشتی خەڵکدا بۆ پرسی کارەبا. هاوکات تیشک دەخاتە سەر پێویستی باشترکردنی پەیوەندی نێوان بەکاربەرانی کارەبا و حکومەت لە کاتی جێبەجێکردنی میکانیزمەکانی دەستکاریکردنی نرخەکان.

هەروەها چاکسازیەکە سوودێکی مانادار بە ژینگە دەگەیەنێت. وێستگەکانی کارەبای غازی -تێکەڵاو (Combined-cycle power-plants) نزیکەی ٢٣٠-٣٧٠ گرام گازی دوانە ئۆکسیدی کاربۆن ($CO_2$) لە هەر کیلۆوات-کاتژمێرێکدا فڕێ دەدەنە ناو هەوا. تەنانەت لە خراپترین دۆخدا، کارەبای دروستکراوی غاز زۆر پاکترە لە گاز (دیزڵ) کە بە شێوەیەکی گشتی نزیکەی ٨٠٠ گرام گازی دوانە ئۆکسیدی کاربۆن) لە هەر کیلۆوات کاتژمێرێکدا) دەردەدات. بۆیە گواستنەوە لە موەلیدەی گازەوە بۆ کارەبای غاز لەسەر بنەمای تۆڕ دەتوانێت دەردانی گازی ژەهراوی بە ڕێژەی زیاتر لە ٦٠% کەم بکاتەوە، ئەمەش سوودێکی بەرچاوی پرۆژەی ڕووناکییە ئەگەرچی کەمیش باس دەکرێت.

# چاکسازی کەرتی کارەبا لە ژێر فشاردا

ڕووناکی لە هەلومەرجێکی ئارامدا جێبەجێ ناکرێت. نیگەرانییە ئاسایشییەکانی سەرهەڵدانی شەڕی نێوان ئەمریکا و ئێران، چەندین جار دابینکردنی گازی سروشتی بۆ وێستگەکانی کارەبا لە سەرانسەری کوردستاندا پەکخستووە[١٢]. ئەم قەیرانە وایکردووە سیستەمی کارەبا کە جارێکی تر بگەڕێتەوە بۆ پشتبەستن بە موەلیدەی گەڕەکەکان[١٣]. ئەم قەیرانە کرۆکی چاکسازیەکەی پرۆژەی ڕووناکی خستە ژێر پرسیارەوە و بە شێوەیەکی بەرچاو ئاڵۆزتری کرد، بە تایبەتی لە ڕەهەندێکەوە کە تا ڕادەیەکی زۆر پێشبینی کراوبوو. بۆنموونە، کێڵگەی غازی کۆرمۆر چەندین جار پێش دەستپێکردنی پرۆژەی ڕووناکی لە ساڵی ٢٠٢٤ دا بە هێرشی مووشەکی و فڕۆکەی بێفڕۆکەوان کراوەتە ئامانج، ئەمەش غاز دابینکردنی توشی گرفت کرد. ڕەچاوەنەکردنی ئەم مەترسیە ئاسایشییانە لە دیزاینکردنی پرۆژەی ڕووناکیدا کەموکوڕییەکی بنەڕەتی نیشان دەدات لە پێکهاتە سەرەتاییەکەیدا. پێویستبوو ئاسایشی وزە هەر لە سەرەتاوە لە پرۆژەی ڕووناکیدا هەبێت، نەک وەک پرسێکی جیا مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت کە پێویسیت بکات دواتر چارەسەری بۆ بدۆزرێتەوە. هەروەها پرۆژەی ڕووناکی ڕەهەندێکی دیکەی گرنگی هەیە کە گۆڕینی پرۆسەی دابەشکردنی کرێ و سوودە ئابوورییەکانی کارەبایە لە سەرانسەری سیستەمێکدا کە لەمێژە پشتی بە ڕێکخستنە نافەرمییەکان و بازاڕە ناوخۆییەکانی موەلیدە و بەرهەمهێنەرانی گاز بەستبوو. کەرتی موەلیدە گازییەکان سەرچاوەی دەیان هەزار هەلی کاری ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ بوو؛ هەر لە تۆڕەکانی دابینکردنی سووتەمەنی و خزمەتگوزارییەکانی چاککردنەوە و ڕێوشوێنی پسووڵەی کارەبای گەڕەکەکانەوە تا دەگەیشتە بەرهەمهێنەرانی گاز و خاوەن پاڵاوگە بچووکەکان.

ڕووناکی بە دابینکردنی کارەبای ٢٤ کاتژمێری کۆتایی بەم ئیکۆسیستەمە هێنا و ڕۆڵی بەڕێوەبەرانی موەلیدەی گازی کەمکردەوە. لە بارودۆخی ئاساییدا، ئەم جۆرە گۆڕانکارییە بە شێوەیەکی پێشبینیکراو توشی بەرگری و گرفت دەبێتەوە، وەک ئەو ناڕەزاییانەی لە سلێمانی و ڕانیە سەریان هەڵدا سەبارەت بە کرێی کارەبا و پێوەرە زیرەکەکان. ئەمەش ڕەنگدانەوەی ئەو گرژییانەیە کە لە گۆڕینی سیستەمێکی کارەبای هەرزانەوە بۆ شێوازێکی نوێی کرێی کارەبا، کە پشت بە بەکاربردن دەبەستێت، دروست دەبێت [١٧].

بە کردەوە موەلیدەی گەڕەکەکان چیتر بڕبڕەی پشتی سیستەمەکە نین، بەڵام بەسەرچووش نین. ئەوان زیاتر وەک چینێکی دابینکەر کاردەکەن، چالاک دەبن کاتێک بڕی کارەبای ناوەندی سنووردار دەبێت[١٨]. ئەم ڕۆڵە دوو لایەنەیە فشارە ڕاستەوخۆکانی کەرتی کارەبای موەلیدەکان کەمدەکاتەوە، بەڵام ئەوەش پیشان دەدات کە ئامانجی کۆتایی ڕەنگە گواستنەوەیەکی سەرکەوتوو نەبێت بۆ دوورکەوتنەوە لە بەکارهێنانی موەلیدەکان، بەڵکو سیستەمێکی کارەبای تێکەڵاوی خۆڕاگرتر بێت کە ڕەچاوی هەڕەشە ئاسایشییەکانی کردبێت.

# مەترسییە بونیادییەکان لە ژینگەیەکی ناجێگیردا

## ئاسایشی وزە

١ گەورەترین مەترسی لە پشتبەستنی تەواوی سیستەمەکەدایە بە کێڵگەی کۆر مۆر وەک سەرچاوەی سەرەکی دابینکردنی غاز. وەک لە پەککەوتنی ئەم دواییە دەریانخستووە، هەر وەستانێک لە ڕۆیشتنی غازدا دەستبەجێ کاریگەری لەسەر سیستەمەکە دەبێت، ئەمەش دەبێتە هۆی دابەزینی بەرچاوی بەرهەمهێنانی کارەبا. بۆیە متمانەکردن بە پرۆژەی ڕووناکی بە شێوەیەکی کاریگەر پەیوەستە بە ئاسایشی ژێرخانی وزە لە قۆناغە سەرەتاییەکانیدا.

## بەردەوامی سیاسی


٢ لە کۆتاییدا چاکسازی لە سیستەمی کۆکردنەوەی کرێی کارەبا پەیوەستە بە قبوڵکردنی گشتی خەڵک بۆ ئەم سیستەمە، کە ئەویش پەیوەستە بە بەدەستهێنانی متمانە بۆ ئەو لایەنەی خزمەتگوزارییەکە پێشکەش دەکات. خەڵک ئامادەن پارەی زیاتر بدەن کاتێک ئەو خزمەتگوزارییەی خراوەتە ڕوو جێگەی متمانە بێت. بەڵام شۆکەکانی ئەم دواییەی دابینکردن دەریانخستووە لەوانەیە ئەم متمانەیە بە خێرایی کاڵ ببێتەوە و ڕەنگە ئاستی بەرەنگار بونەوەی خەڵک لە دژی سیستەمەکە زیاتر بێت.

## فشارەکانی گۆڕانکاری خواستی وەرزی بۆ کارەبا

٣ بەکارهێنانی کارەبا لە هەرێمی کوردستان لە مانگەکانی هاوین و ناوەڕاستی زستاندا بەرزبوونەوەی بەرچاو بەخۆیەوە دەبینێت، ئەمەش بەهۆی زیادبوونی بەکارهێنانی ئامێرەکانی ساردکەرەوە و گەرمکەرەوە. خواست بۆ بەکارهێنانی کارەبا لەم کاتانەدا بە نزیکەی ٤٤% لە نێوان ئەم دوو وەرزەدا بەرز دەبێتەوە، واتە نزیکەی ٤،٥٠٠ بۆ ٦،٥٠٠ مێگاوات، وەک لە گرافی ٣ دا هاتووە. تەنانەت بە بێ هیچ ئاستەنگێکی پەککەوتن، ئەو ماوانەی کە خواست لەسەر کارەبا زۆرە، مەودای نێوان توانای بەرهەمهێنانی وزە و باری تۆڕەکە سنووردار دەبێت. هەموو ئەمانە پێکەوە، بە تێکەڵکردنی لەگەڵ سنووردارکردنی دابینکردنی سووتەمەنی، تۆڕەکە بەرەو لێواری دارمان پاڵ دەنێن.

ئەم مەترسییانە، پێکەوە، ئاماژەن بۆ ڕاستییەکی فراوانتر: سەرکەوتنی پرۆژەی ڕووناکی تەنیا وابەستەی ڕاستکردنەوەی سیستەمی نرخەکان نییە، بەڵکو بەندە بە توانای بەردەوامی و کارکردن لە ژینگەیەکی نائارامدا. لەم چوارچێوەیەدا، نەبوونی ئاسایشی وزە دەتوانێت متمانەی گشتی تێکبدات، کە ئەگەری هەیە تەواوی چاکسازیەکە لە بناغەوە ئاوەژووبکاتەوە.

گرافی ٣ - کەلێنی وەرزی نێوان دابینکردنی کارەبا و خواست، هەرێمی کوردستان




سەرچاوە : لە لایە ن نووسە ر لە سەرچاوە حکومییەکان و لێدوانە ڕۆژنامەوانییەکان(٢١) کۆی کردووەتەوە، لە نێویاندا کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی کەمال محەمەد وەزیری کارەبای هەرێم.[٢٢]

# چاکسازی بونیادی، یان خۆڕاگرییەکی پێویست؟

پرسیارە سەرەکییەکە ئەوەیە کە ئایا بەرنامەی ڕووناکی چاکسازیەکی بونیادی ڕاستەقینە دەبێت، یان تەنیا ڕێکخستنەوەیەکی کاتییە. لە ڕووی تیۆرییەوە، بەرنامەکە چارەسەری کێشە بنەڕەتییەکانی سیستەمەکە دەکات: سیستەمی کۆکردنەوەی پسووڵەی کارەبا بەهێز دەکات، نرخەکان لەگەڵ بەکاربردندا هاوتەریب دەکات و پشتبەستن بە بازاڕە نافەرمییەکانی کارەبا و مولیدە گازیەکان کەم دەکاتەوە. بەڵام پشێوییە ئاسایشییەکانی ئەم دواییە دۆخەکەی ئاڵۆزتر کرد.
تا ئێستا هیچ بڕیارێکی فەرمی نەدراوە بۆ گەڕانەوە بۆ مولیدە گازیەکان وەک سیستەمێکی هاوتەریب، بەڵام بە کردەوە حکومەت ناچار بووە پشتیان پێ ببەستێت لە ماوەی کورتهێنان لە دابینکردنی غازدا. ئەمە بەشێک نییە لە دیزاینی چاکسازی؛ وەڵامێکە بۆ کێشە هەنووکەییەکان.
گەڕانەوە بۆ مولیدە گازییەکان مەرج نییە ئاماژە بێت بۆ شکست، یان لەکارکەوتنی پرۆژەی ڕووناکی و بەتاڵبوونەوەی ناوەڕۆکە چاکسازیخوازەکەی؛ بەڵام ڕەنگە ڕەنگدانەوەی گونجاندنێکی پراگماتیک بێت لەگەڵ ژینگەیەکی کارکردنی ناجێگیردا. پێویستە پێداچوونەوەیەک بکرێت بۆ دیدگای سەرەتایی و قۆناغ بە قۆناغی کۆتاییهێنان بە مولیدەکان. لە جیاتی ئەمە ڕەنگە پێویست بێت گرنگی زیاتر بە خۆڕاگری سیستەمەکە بدرێت. هەمەچەشنکردنی سەرچاوەی سووتەمەنی بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا و ئامادەکاری و پلاندانان بۆ دۆخی لە ناکاو و مەترسیدار لە پێداویستییەکانی سیستەمەکەیە.

بۆ نموونە، دامەزراندنی کۆگای گاز لە نزیک وێستگەکانی بەرهەمهێنانی کارەبا، کە دەکرێت وەک سەرچاوەیەکی جێگرەوەی وزە بۆ ماوەیەکی کاتی لە دۆخی لەناکاودا پشتی پێ ببەسترێت. ئەمە دەتوانێت پەدەگێکی کورتخایەن لە کاتی پچڕانی دابینکردنی غاز لە کۆرمۆرەوە دابین بکات و یارمەتیدەر بێت لە ڕێگریکردن لە داخستنی تەواوەتی تۆڕەکە.
جگە لەوەش، هەوڵی پەرەپێدانی کێڵگە غازییەکانی دیکە لە کوردستان، وەک کێڵگەی چەمچەماڵ کە ئێستا لە قۆناغی گەشەپێدانادایە، یان کێڵگەکانی میران و بنەباوێ ، سەرچاوەی بەدەستخستنی گاز هەمەچەشن دەکات و مەترسییە ئاسایشییەکانی کۆرمۆر کەمدەکاتەوە.

## ڕاسپاردە سیاسییەکان

١ ئەنجامدانی چاکسازی لە کەرتی کارەبا و ئاسایشی وزە لەیەک جیا ناکرێتەوە. تەنانەت چاکسازیەکانی نرخ کە بە باشی داڕێژراون، بەبێ دابینکردنی سووتەمەنی جێگیر ناتوانن سەرکەوتوو بن.

٢ مەولیدە گازیەکان وەک بژاردەی دابینکەر و پێویست دەمێننەوە. پرۆژەی ڕووناکی پشتبەستنی بە مەولیدەکان کەمکردۆتەوە، بەڵام قەیرانی ئەم دواییە و دابینکردنی کارەبا لەلایەن مەولیدەکان ئەو ڕاستییە دەسەلمێنن کە هێشتا ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن لە دۆخی فریاگوزارییدا.

٣ قبوڵکردنی گشتی پەیوەستە بە متمانەپێکردن، نەک تەنیا گونجاوی نرخ. خەڵک زیاتر ئامادەگی پارەدانی کارەبای هەیە کاتێک وزەی دەستەبەرکراو جێگیر بێت، بەڵام لەوانەیە بکەونە دۆخی کاردانەوە و بەرەنگاری ئەگەر جێگیر نەبێت.

٤ پێویستە خۆڕاگری لەناو سیستەمەکەدا بونیاد بنرێت. هەمەچەشنکردنی سەرچاوەی سووتەمەنی و پلاندانان بۆ دابینکردنی توانای یەدەکی بەرهەمهێنانی کارەبا زۆر گرنگە بۆ ئەوەی چاکسازیەکە بۆ ماوەیەکی درێژخایەن بەردەوام بێت.

## دەرئەنجام

پرۆژەی ڕووناکی یەکێکە لە هەوڵە گرنگەکانی ئەنجامدانی چاکسازی لە کەرتی کارەبای هەرێمی کوردستان. ئەمە چارەسەری گرفت و ناکاراییەکی درێژخایەن دەکات و ڕێبازێکی گونجاوی دیسپلینکراو دەخاتە ڕوو بۆ نرخی کارەبا و کۆکردنەوەی داهات. هاوکات دەرەنجامەێکی باشیشی هەبووە تا ئێستا.
ئەزموونی چەند مانگی ڕابردوو، ماوەی شەڕەکە، ئەوەی نیشانداین کە چاکسازی لە کەرتی کارەبا لە عێراقدا تەنیا ئالنگاریی سیاسی و ئابووری نییە، بەڵکو بابەتێکی ئەمنیشە. ڕووناکی چیتر تەنیا بەرنامەیەکی چاکسازی نییە، تاقیکردنەوەیەکە کە ئایا سیستەمی کارەبا لەسەر بنەمای نرخ دەتوانێت لە چوارچێوەیەکدا کار بکات کە دابینکردنی وزە لەبەردەم مەترسی جیۆپۆلەتیکیدا بمێنێتەوە؟
ڕووناکی هێشتا دەتوانێت گۆڕانکارییەکی بەردەوام پێشکەش بکات ئەگەر حکومەتی هەرێم بتوانێت خۆڕاگری سیستەمەکە بەهێز بکات و متمانەی گشتی بپارێزێت و خۆی لەگەڵ ئەم واقیعانەدا بگونجێنێت. ئەگەر نەتوانێت، ئەوا هەرێمەکە توشی مەترسی ئەوە دەکات کە بگەڕێتەوە بۆ ئەو مۆدێلەی کە هەوڵی بەجێهێشتنی دەدا.



محەمەد حسێن سەرنووسەری گۆڤاری "ئاسۆی وزەی عێراق" و توێژەرە لە سەنتەری ضیاء جعفر بۆ وزە و سامانە سروشتییەکان لە زانکۆی ئەمریکی لە عێراق، سلێمانی (AUIS). خاوەنی بڕوانامەی ماستەرە لە ئابووری سیاسەتە گشتییەکان لە زانکۆی بەرشەلۆنە بۆ زانستە ئابوورییەکان(Barcelona School of Economics). کارەکانی زیاتر لە بواری کەرتی وزەی عێراق و پەرەپێدانی کەرتی تایبەتە، بە گرنگیدانێکی تایبەت بە ئابووری سیاسی چاکسازی . نووسینەکانی لە (Iraq Oil Report) ئیراک-ئۆیڵ-ڕیپۆرت، پەیمانگەی واشنتۆن بۆ سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی نزیک و چەند بڵاوکراوەیەکی دیکەی عێراقی و نێودەوڵەتی بڵاوبۆتەوە، لەوانە (Foreign Affairs) و (Foreign Policy).

# سەرچاوەکان

1. KRG. Runaki. Nearly 5.5 million citizens now enjoy 24-hour electricity through the Runaki initiative, from https://runaki.gov.krd/en/resources/nearly-55-million-citizens-now-enjoy-24-hour-electricity-through-the-runaki-initiative/
2. Rudaw. (2026). KRG Expects Major Power Drop after Khor Mor Shutdown. 28 February. Retrieved 9 March 2026, from https://www.rudaw.net/english/kurdistan/280220262
3. World Bank. (2022). DataBank World Development Indicators: Electric Power Transmission and Distribution Losses (% of output). Retrieved 1 March 2026, from https://databank.worldbank.org/reports.aspx?country=IRQ%2CCOM&series=EG.ELC.LOSS.ZS&source=2
4. Porter, Lizzie, Rawaz Tahir, and Staff of Iraq Oil Report. (2021). $4+ Billion Debt Compounds Kurdistan's Electricity Challenges. Iraq Oil Report, 21 December. Retrieved 1 March 2026, from https://www.iraqoilreport.com/news/4-billion-debt-compounds-kurdistans-electricity-challenges-44277/
5. Hussein, Mohammed. (2025). Kurdistan Region Electricity Reform and the 'Runaki' Project. Iraq Economic Review, Eleventh Edition, 8: 14–21.
6. KRG. (2025). KRG announces new electricity tariffs under Project Runaki. 16 May. Retrieved 2 March 2026, from https://gov.krd/moel-en/activities/news-and-press-releases/2025/may/krg-announces-new-electricity-tariffs-under-project-runaki/
7. World Bank. (2015). Energy Subsidies Reform in Jordan: Welfare Implications of Different Scenarios. Washington, DC: World Bank. https://documents1.worldbank.org/curated/en/118591468171850113/pdf/97159-WP-P156034-Jordan-31May2015-PUBLIC-Box391451B.pdf
8. Kurdistan TV. (2025). Face-to-face interview with Kamal Mohammed, KRG Minister of Electricity, on Runaki program achievements. December. Retrieved 15 March 2026, from https://www.facebook.com/reel/1163888902365796
9. Ministry of Electricity. (2026). Runaki: 50% of households receive less than 73,000 IQD for the latest electricity bill. 15 February. Retrieved 10 March 2026, from https://gov.krd/moel-en/activities/news-and-press-releases/2026/february/runaki-50-of-households-receive-less-than-73-000-iqd-for-the-latest-electricity-bill/
10. Michel Noussan, Gabriele Fambri, Viviana Negro, and David Chiaramonti. (2024). Hourly electricity $CO_2$ intensity profiles based on the real operation of large-scale natural gas combined cycle cogeneration plants. Energy. Department of Energy, Politecnico di Torino.
11. Facilities Engineering Associates, P.C. (n.d.). The Carbon Footprint of Diesel Generators. Retrieved 12 March 2026, from https://www.feace.com/single-post/the-carbon-footprint-of-diesel-generators
12. MNR and Ministry of Electricity. (2026). Joint statement on electricity supply disruptions. 28 February. Retrieved 30 March 2026, from https://web.facebook.com/photo/?fbid=1220412566921905&set=a.228339206129251
13. Mohammed, Osman. (2026). Interview by Mohammed Hussein. President, Kurdistan Union of Neighborhood Generators. 28 March.
14. MOHAMMED HUSSEIN, RAWAZ TAHIR, BEN VAN HEUVELEN AND LIZZIE PORTER OF IRAQ OIL REPORT "UPDATE: Four killed in drone attack on Khor Mor gas field." April 2026, 2024. https://www.iraqoilreport.com/news/three-killed-in-drone-attack-on-khor-mor-gas-field-46464/
15. Kurdistan Region Statistics Office. (2021). Electric Generators in the Private Sector: Kurdistan Region 2021. Retrieved 1 March 2026, from https://krso.gov.krd/content/upload/1/root/mulidat-en.pdf
16. KFuture.Media. (2025). Private Generator Owners in Sulaymaniyah Reject Government Contract Terms Under Runaki Project. Retrieved 3 October 2026, from https://kfuture.media/private-generator-owners-in-sulaymaniyah-reject-government-contract-terms-under-runaki-project/
17. Shafaq News. (2025). Kurdistan's 24/7 Power Project Faces Backlash over Price Hike. 18 March. Retrieved 10 March 2026, from https://shafaq.com/en/Kurdistan/Kurdistan-s-24-7-power-project-faces-backlash-over-price-hike
18. Mohammed, Osman. (2026). Interview by Mohammed Hussein. President, Kurdistan Union of Neighborhood Generators. 28 March.
19. MNR and Ministry of Electricity. (2026). Joint statement on electricity supply disruptions. 28 February. Retrieved 30 March 2026, from https://web.facebook.com/photo/?fbid=1220412566921905&set=a.228339206129251
20. Hussein, Mohammed. (2025). Kurdistan Region Electricity Reform and the 'Runaki' Project. Iraq Economic Review, Eleventh Edition, 8: 14–21.
21. Hussein, Mohammed. (2025). Kurdistan Region Electricity Reform and the 'Runaki' Project. Iraq Economic Review, Eleventh Edition, 8: 14–21.
22. Rasul, Azhi. (2023). KRG Electricity Generation Still Far Outstripped by Demand. Rudaw, 9 September. Retrieved 1 March 2026, from https://www.rudaw.net/english/kurdistan/090920231
23. Mohammed, Osman. (2026). Interview by Mohammed Hussein. President, Kurdistan Union of Neighborhood Generators. 28 March.

وزە بە زمانی ژمارە

# قەیرانی داهاتە نەوتیەکانی عێراق لەسەردەمی شەڕدا

دەستەی نووسەرانی ئاسۆی وزەی عێراق

ئەو شەڕەی لە 28 / 2 / 2026 لە نێوان ئەمریکا و ئیسرائیل و ئێران هەڵگیرسا، شۆکی بەهێزی نارد بۆ بازاڕەکانی وزەی جیهان. ئەگەر بۆ زۆربەی وڵاتانی بەرهەمهێنەری نەوت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەم شۆکە قورس بووبێت، ئەوا بۆ عێراق هەڕەشەیەکە لە بوونی.

تەواوی ئابووری عێراق پشتی بە نەوتی خاو بەستووە و لە ڕێگەی کەنداوی عەرەب/فارسەوە هەنارده دەکرێت. بەشێوازێک زیاتر لە ٩٠%ی داهاتی حکومەت و زیاتر لە نیوەی کۆ بەرهەمی ناوخۆیی
(GDP) وڵاتەکە پێکدەهێنێت. بە پێچەوانەی دەوڵەتانی کەنداو، عێراق سندوقی سامانی سەروەری و سندوقی سەقامگیری نییە کە یارمەتی بدات لە کەمکردنەوەی کاریگەرییەکانی داخستنی ڕێڕەوی هەناردەکردنی نەوتەکەی. ئەمە کێشەیەکی بونیادییە و دەیان ساڵە دەستنیشانکراوە و لە گفتوگۆ سیاسییەکان و یاساکانی بودجە و ڕاوێژکارییەکانی سندوقی دراوی نێودەوڵەتیدا بە شێوەیەکی بەرفراوان باس کراوە، بەڵام بە کردار پشتگوێ خراوە.

قەیرانەکە زۆر بە ڕوونی نیشانی دەدات کە دارایی دەوڵەتی عێراق تا ڕادەیەکی زۆر وابەستەی نەوتە، هەربۆیە ئەگەر هەناردەکردنی نەوت بوەستێت، ئەوا حکومەت داهات لە دەستدەدات.

ڕێڕەوی هەناردەکردنی نەوت لە باشووری عێراق وەستا کاتێک ئێران ڕێڕەوی کەشتیوانی لە گەرووی هورمز سنووردار کرد وەک وەڵامێک بۆ هێرشە ئاسمانییەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل. ژێرخانی هەناردەکردنی بەسرە دەروازەی زیاتر لە ٩٢%ی هەناردەکردنی نەوتی خاوی عێراق بوو، بەڵام لە نێوان ٨ی ئادار و ٢ی نیساندابە تەواوی وەستا.

هیچ ڕێگایەکی جێگرەوە کە دەستبەجێ بتوانرێت نەوتی عێراقی لێوە هەنارده بکرێت بە هەمان برِو ئاست بوونی نییە. هێڵی بۆری عێراق - سعودیە (ISP) لە ساڵی ١٩٩٠ەوە داخراوە و سعودیە تەواوی توانای بۆرییەکانی خۆیان بۆ گواستنەوەی نەوت بۆ دەریای سوور بەکار دەهێنێت. هێڵی بۆری عێراق - سوریا لە ساڵی ٢٠٠٣ وە لەکارکەوتووە. پرۆژەی بۆری عێراق-ئوردن (IJP) لە ساڵی ٢٠١٤ دا هەوڵی ڕاکێشانی وەبەرهێنی بۆ درا، بەڵام بەهۆی شەڕی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) و کۆت و بەندە سیاسییەکانی دیکە، لە بیرکراو تەنانەت دوای ململانێکانیش باس نەکرایەوە.

تەنانەت ئەگەر ISP کارا بوایە یان IJP بوونی هەبووایە، عێراق کێشەیەکی گەورەتری هەیە. ئەو بۆرییە ستراتیژییەی کە ڕۆژگارێک نەوتی خاوی بەسرەی دەگواستەوە بۆ باکوور بۆ حەدیسە، پاشان بێجی و بەرەو بەندەری جەیهان، تا ڕادەیەکی زۆر وێران بووە و کارناکات. حەدیسە دەبووە یەکگرتنێکی سەرەکی نێوان ISP و IJP. ئەوەی دەمێنێتەوە یەک دەرچەی کاریگەرە، ئەویش بۆری عێراق - تورکیا (ITP) کە نەوتی هەرێمی کوردستان و کێڵگەکانی کەرکوک دەگوازێتەوە بۆ تورکیا و دەریای ناوەڕاست، بەڵام ئەویش سنوورداره. ئەم ڕێڕەوە بەدەست ئاستەنگیە ژێرخانی و سیاسییەکانەوە دەناڵێنێت و لە ئێستادا نزیکەی ٢٥٠ هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا دەگوازێتەوە. ئەمەش نزیکەی ٧%ی قەبارەی هەناردەکردنی نەوتی عێراقە پێش شەڕەکە.

لە ئەنجامدا عێراق تەنیا لە ماوەی یەک مانگدا زیاتر لە ٨١%ی توانای هەناردەکردنی نەوتی لەدەستدا، ئاستەکە لە مانگی شوباتەوە دابەزی لە نزیکەی ١٠٠ ملیۆن بەرمیل بۆ ١٨.٦ ملیۆن بەرمیل لە مانگی ئادار. لە ئەنجامدا داهاتی مانگانەی نەوت لە نزیکەی ٦.٨ ملیار دۆلارەوە بۆ ١.٩ ملیار دۆلار دابەزی. ئەو ئامارانەی کە لە گرافی ژمارە یەکدا خراواتە ڕوو، ئەو دارِمانە بە ووردی نیشان دەدەن. هەروەها لە چوارچێوەیەکی دوورمەودا تردا گرفتەکانمان بۆ دەستنیشان دەکات لە گەڵ ئەو وانە تاڵەی کە دەبێت لێیەوە فێربین: ئەمە شۆکێکی بێ وێنە نییە کە کەس نەیتوانیبێت پێشبینی بکات. بەڵکو دەرئەنجامێکی تەواو پێشبینیکراو بوو، ئەمە وابەستەیییەکی بونیادییە کە حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق نەیانویست چارەسەری بکەن. ئەنجامی ئەم لاوازییە بونیادیەش قەیرانێکی زۆر سەختە لە ئەمڕۆدا.

هەناردەی نەوت . شوبات -> ئادار

**99.9M → 18.6M**

بە بەرمیل، ٨١٪ دابەزیوە

داهاتی نەوتی . شوبات -> ئادار

**$6.81B → $1.93B**

دابەزیوە ٧٢٪

DAILY REVENUE LOSS

**$160M**


*FOR THE DURATION OF THE CLOSURE*

BASRA'S SHARE OF PRE-WAR EXPORTS

**%92**

*CONCENTRATION RISK, MADE VISIBLE*

گرافی ١: داڕووخانی هەناردەی نەوت




سەرچاوەکان: داتای هەناردەکردنی مانگی شوبات لە سایتی فەرمی سۆمۆ وەرگیراوە. بەڕێوەبەری گشتی سۆمۆ وەرگیراون. هەناردەی باکور- کوردستان-ITP- لە سەرهەڵدانی شەڕەکەوە ڕاگیرا بوو لە ١٨ی ئاداری ٢٠٢٦ دەستی پێکردەوە؛ ئاماری مانگی ئادار تەنیا ڕەنگدانەوەی ١٤ ڕۆژە لە ١٨ \ ٣ تا ٣١\ ٣ \ ٢٠٢٦.

ئامارەکانی گرافی- ١ ڕوون و ئاشکران. عێراق لە مانگی شوباتی ٢٠٢٦ دا ٩٩.٩ ملیۆن بەرمیل نەوتی هەناردە کردووە. لە مانگی ئاداری هەمان ساڵ، واتە لە کاتی شەڕدا، ئەو بڕە بۆ ١٨ ملیۆن بەرمیل دابەزیوە، واتە لە ماوەی یەک مانگدا زیاتر لە ٨١% دابەزیوە. ئەوە لە ڕووی پێکهاتەییەوە ئەوە نیشان دەدات کە تەواوی داڕمانەکە دەگەڕێتەوە بۆ وەستاندنی هەناردەکردنی بەسرە لە ڕێگەی گەرووی هورمزەوە، کە پێشتر ڕێڕەوی سەرەکی بووە بۆ زیاتر لە ٩٢%ی کۆی گشتی هەناردەکردنەکانی عێراق.

لە کۆتاییدا، ئەوەی گرافی ١ نیشانی ئەدات قوڵبوونەوەی مەترسییەکی نائاساییە؛ لە سیستەمی هەناردەکردنی عێراقدا هیچ جێگرەوەیەکی گونجاو نییە. یەکێک لە ڕێڕەوەکان زۆرینەی هەرە زۆری نەوتی خاوی وڵاتەکەی پیا تێپەڕیوە. کاتێک ئەو ڕێڕەوە دادەخرێت بە هەر هۆکارێک بێت (وەک شەڕ، سزا، شکستی پرۆژە ژێرخانییەکان، یان ناکۆکییەکی سیاسی) هیچ جێگرەوەیەکی نییە.

ئەوەبوو وەستانی ڕێڕەوی ستراتیژی هەناردەکردنی نەوتی خاو لە بەسرە ململانێیەکی هەرێمایەتی گۆڕی بۆ کارەساتێکی دارایی، هەروەک پێشتر لە چەندین شوێنی جیاوازدا پێشبینی کرابوو.

گرافی ٢ — دارمانی داهاتی نەوت




سەرچاوەکان: داتای هەناردەکردنی مانگی شوبات لە سایتی فەرمی سۆمۆ وەرگیراوە. ڕاپۆرتی مانگانەی هەناردەکردنی باکوور و داتاکانی مانگی ئادار لە چاوپێکەوتنێک لەگەڵ عەلی نزار ئەلشەتری، بەڕێوەبەری گشتی سۆمۆ وەرگیراون. هەناردەی باکور - کوردستان-ITP- لە سەرهەڵدانی شەڕەکەوە ڕاگیرا بوو لە ١٨ی ئاداری ٢٠٢٦ دەستی پێکردەوە؛ ئاماری مانگی ئادار تەنیا ڕەنگدانەوەی ١٤ ڕۆژە لە ٣\١٨ تا ٢٠٢٦\٣\٣١.

گرافی ژمارە ٢ کاریگەرییە داراییەکانی وەستاندنی هەناردەکردنی نەوتمان نیشان دەدات. کۆی گشتی داهاتی نەوت لە مانگی شوبات لە ٦.٨١ ملیار دۆلاری ئەمریکییەوە بۆ ١.٩٣ ملیار دۆلاری ئەمریکی لە مانگی ئادار دابەزیوە، کە دابەزینێکە بە ڕێژەی ٧٢%. بە زمانێکی ڕوونتر، عێراق لە ماوەی یەک مانگدا نزیکەی ٤.٨٨ ملیار دۆلاری ئەمریکی لەدەستداوە.

داینامیکی نرخەکان لە کاتی ئەم تێکچوونەی پەیوەست بە شەڕەوە شایەنی سەرنجە. کەمبوونەوەی ٨٢%ی هەناردەکردنی نەوت نزیکەی ٧٢%ی زیانەکانی داهاتی پێکهێناوە. ئەمەش بە ڕوونی کاریگەری نرخەکان دەردەخات، بەتایبەتی بە لەبەرچاوگرتنی نرخی نەوت لە کاتی شەڕدا، چونکە تەنها لە ماوەی ئەم مانگەدا، نرخی نەوتی خاوی برێنت لە نزیکەی ٦٨ دۆلاری ئەمریکییەوە بۆ سەرووی ١٠٠ دۆلاری ئەمریکی بەرز بویەوە. بەڵام ئەم کاریگەرییە تەنیا بەشێکی بچووکی قەیرانەکە چارەسەر دەکات. باشتربوونی نرخەکان لە بەرامبەر دابەزینێکی گەورەی قەبارەی هەناردەکردندا سوودێکی کەمی هەیە. لە کۆتاییدا، داهاتی بەرهەمی هەردوو نرخ و قەبارەی هەناردەکردنە.

زیانەکانی داهات بە پێی ئەم ئامارانە دەگاتە نزیکەی ١٦٠ ملیۆن دۆلار لە هەر ڕۆژێکدا. بۆ ئەوەی ئەمە بخەینە ناوەڕۆکە داراییەکەی خۆیەوە: بە پێی بودجەی دەوڵەتی فیدراڵی عێراق(بۆ ساڵانی ٢٠٢٣، ٢٠٢٤، ٢٠٢٥)، پێویستە داهاتی بەردەوامی نەوت مووچە و خەرجییەکانی کەرتی گشتی دابین بکات. ساڵانە پابەندبوونەکەی بە نزیکەی ٩٠ ملیار دۆلاری ئەمریکییە (وەک ئەوەی لە ساڵی دارایی ٢٠٢٥ دا خەرجکرا.) بە ڕێژەی ئێستای سەردەمی شەڕ، داهاتی ساڵانە دەگاتە نزیکەی ٢٣ ملیار دۆلار، ئەمە بەزەحمەت چوار-یەکی ئەو بڕە دەستەبەر دەکات کە پێویستە بۆ پێدانی مووچە و خانەنشینی و خەرجییەکانی دیکەی دەوڵەت.

دەستپێکردنەوەی تەنکەرەکانی بەسرە لە ڕێگەی گەرووی هورمزەوە، زەبری قەیرانەکەی نەرمتر کردووە بە بەراورد بە داخستنی تەواوەتی، بەڵام ژمارە سەرەتاییەکان هیچ ئاسۆیەکیان لێ بەدی ناکرێت. واتە بەبێ گەڕانەوەی تەواوی توانای هەناردەکردنی نەوتی باشوور، عێراق ڕووبەڕووی فشارێکی زیاتر دەبێتەوە لەسەر پێدانی مووچە و خزمەتگوزارییە گشتییەکان و پابەندبوونی قەرزەکان.


گرافی ٣ — وابەستەیی نەوتی حکومەت




سەرچاوە: ئامادەکردن و هەژمارکردنی نووسەرانی بابەتەکە لەسەر بنەمای ڕاپۆرتەکانی سندوقی دراوی نێودەوڵەتی (IMF)، داتاکانی ڕاپۆرتی ئابووری جیهانی (تشرینی یەکەمی ٢٠٢٥)، نەخشەکێشی داتای سندوقی دراوی نێودەوڵەتی - عێراق.

گرافی ژمارە ٣ دیدێکی فراوانتر بۆ ئەم قەیرانە لەناکاوە پێشکەش دەکات و پرسیارێکی ئاڵۆزتر دەوروژێنێت: ئایا ئەمە شۆکێکە، یان سیستەمەکە بەپێی دۆخی سروشتی خۆی ڕەفتاری کردووە و ئەم گرفتانە هەمووی چاوەڕوانکراو بوون؟ ئەم ئامارانە وەڵامێکن بۆ ئەم پرسیارە. لە ماوەی دوانزە ساڵی ڕابردوودا، داهاتی نەوت بە بەردەوامی لە نێوان ٨٥% بۆ ٩٥%ی سەرجەم داهاتەکانی حکومەتی فیدراڵی عێراقی پێکهێناوە، بەبێ گوێدانە هەڵئاوسانی نرخی نەوت. ئابووری عێراق بەردەوام وابەستەی یەک سەرچاوەی سەرەکییە. ئەم تاک-سەرچاوەییە کە دیارترین خەسڵەتی ئابووری عێراقە، نیشانەی بەهێزی نییە، بەڵکو لاوازییەکی جددییە.
گرافەکە بە ڕوونی ئەوە نیشان دەدات کە بناغەی داهاتە نانەوتییەکانی عێراق بە شێوەیەکی بەرچاو گەشەی نەکردووە. هەمیشە لە نێوان ٥ بۆ ١١ ملیار دۆلار بەرز و نزم بۆتەوە؛ لە کاتێکدا کۆی گشتی داهاتەکانی دەوڵەت لە ٤٥ ملیار دۆلارەوە بۆ ١١٩ ملیار دۆلار بەرز بۆتەوە، ئەمەش بەهۆی بەرزی و نزمییەکانی نرخی نەوت.
داهاتی نانەوتی کە باج و گومرگ و داهاتی کۆمپانیاکانی دەوڵەت لەخۆ دەگرێت، لە ڕووی پێکهاتەوە هەر لاوازە. هاوتەریب لەگەڵ گەشەی دانیشتوان، کۆبەرهەمی ناوخۆیی نیشتمانی و خەرجییە گشتییەکانی دەوڵەت  زیادی نەکردووە. بۆ دۆخی وڵاتێکی ٤٦ ملیۆن کەسی، کە دانیشتووانەکەی ساڵانە بە ڕێژەی ٢.٥% گەشە دەکات، ئەمە پرسێکی دارایی پەراوێزخراو نییە؛ بەڵکو شکستی حوکمرانی ئابوورییە.
ساڵانی داهاتی زۆری نەوت ( ٢٠١٨، ٢٠١٩، و بە تایبەتی ساڵی ٢٠٢٢) دەرفەتی ڕاستەقینە بوون بۆ وەبەرهێنان لە هەمەچەشنکردنی ئابووری و بەهێزکردنی دامەزراوەکانی باج و بونیادنانی بەدەگی دارایی. بەڵام سوود لە دەرفەتەکان وەرنەگیرا. بودجەی فیدراڵی ساڵی ٢٠٢٣ کە ڕاستەوخۆ لە دوای زۆر بوونی داهاتە نەوتیەکانی ساڵی ٢٠٢٢ داڕێژرا، گەورەترین بودجە بوو لە مێژووی عێراقدا و بە زۆری بۆ مووچە و خەرجییە کارگێڕییەکان تەرخانکرابوو، لەوانە کرێ و گواستنەوە و یارمەتییەکان. ئەم وابەستەییە کە گرافی ژمارە ٣ ڕوونیکردۆتەوە، نەک هەر لە قۆناغەکانی خۆشگوزەرانیدا گۆڕانکاری تێدا نەکرا، لە ڕاستیدا خراپتریش بوو.

گرافی ٤ — ڕۆڵی نەوت لە کۆی گشتی ئابووری عێراقدا




سەرچاوە: ئامادەکردن و هەژمارکردنی نووسەرانی بابەتەکە لەسەر بنەمای ڕاپۆرتەکانی سندوقی دراوی نێودەوڵەتی (IMF)، داتاکانی ڕاپۆرتی ئابووری جیهانی (تشرینی یەکەمی ٢٠٢٥)، نەخشەکێشی داتای سندوقی دراوی نێودەوڵەتی - عێراق.

وێنەی چوارەم گۆشەنیگاکەمان بۆ فراوانتر دەکات لە دەرەوەی دارایی حکومەت بۆ ئەوەی ڕۆڵی نەوت لە کۆی گشتی ئابوورییەکەدا نیشان بدات. لە ساڵی ٢٠١٤ وە، ڕۆڵی نەوت لە کۆبەرهەمی ناوخۆیی (GDP) عێراقدا هەمیشە نیوە یان زیاتر لە نیوە بووە. ئەمەش بەجۆرێک بووە کە ئابوورییە نانەوتیەکە هەر لە هەمان ئاستدا ماوەتەوە.

گرافەکە زۆر بە ڕوونی ئەم دیاردەیە نیشاندەدات؛ کۆبەرهەمی ناوخۆیی لەنزمترین ئاستی ١٦٨ ملیار دۆلار لە ساڵی ٢٠١٦ بۆ ٢٨٩ ملیار دۆلار لە ساڵی ٢٠٢٢ بەرزبۆتەوە. ئەمەش تا ڕادەیەکی زۆر بە شوێن بەرزی و نزمییەکانی نرخی نەوت کەوتووە لەم ساڵانەدا. ئابووری نانەوتی بە زەحمەت وەک هێزێکی سەربەخۆ لە گرافەکە دەرکەوتووە. کەواتە هەر کات نرخی نەوت بەرز بێت، کۆی گشتی کۆبەرهەمی ناوخۆیی زیاد دەکات، بە هەردوو بەشی نەوتی و نانەوتی، وە ئەگەر نزمیش بوو کۆبەرهەمە ناوخۆییەکە کەم دەبێتەوە.

ئەمەش بۆ تێگەیشتن لە سروشتی لاوازی عێراق گرنگە. بەرکەوتنەکە تەنیا دارایی نییە، بەڵکو بونیادیشە. کاتێک داهاتی نەوت دادەبەزێت، کاریگەری دابەزینەکە بە تەواوی لە ئابوورییەکەدا دەر دەکەوێت: حکومەت ناتوانێت شایستە داراییەکانی بەڵێندەران بدات، وەبەرهێنانی کەرتی گشتی کەم دەکات یان نامێنێت، خەرجییەکانی بەکاربەر کەمدەبنەوە. لێرە دەوڵەت هەمیشە وەک ئەکتەرێکی ئابووری باڵادەست ڕۆڵ دەگێڕێت چونکە زیاتر لە ٤ ملیۆن کارمەندی هەیە و زۆربەی زۆری خەرجییەکانی وەبەرهێنانیش دابین دەکات. کاتێک بودجەکەی بچووک دەبێتەوە، چالاکییە ئابوورییەکانی هەردوو کەرتی گشتی و تایبەت لاواز دەبێت.

لێرەدا گرافەکە چیرۆکی گەشەکردنی هێڵی کۆبەرهەمی ناوخۆیی نانەوتی مان پێ دەڵێت لە نزیکەی ١٠٠ ملیار دۆلاری ئەمریکی لە ساڵی ٢٠١٤ بۆ نزیکەی ١٣٢ ملیار دۆلار لە ساڵی ٢٠٢٥. ئەمە گەشەکردنێکی بچووکی سنووردارە و تا ڕادەیەکی زۆر دەگەڕێتەوە بۆ زیادبوونی ژمارەی دانیشتووان و خەرجییەکانی دەوڵەت، نەک گەشەیەکی ڕاستەقینەی کەرتی تایبەت. کەرتەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازی و خزمەتگوزاری بەردەوامن لە پشتبەستن بە دەوڵەت و نەوت ، بە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ. بەم مانایە، گرافی ژمارە ٤ ، تابلۆی ئەو ئابوورییە دەخاتە ڕوو کە نەیتوانیوە سوود وەربگرێت لە دە ساڵی داهاتە نەوتیەکانی بۆ ئەنجامدانی چاکسازی و گۆڕانکارییەکی مانادار.

**بەشی نانەوتی کۆبەرهەمی ناوخۆیی لە نزیکەی ١٠٠ ملیار دۆلارەوە لە ساڵی ٢٠١٤ گەشەی کردووە بۆ نزیکەی ١٣٢ ملیار دۆلار لە ساڵی ٢٠٢٥، کە دەکاتە گەشەیەکی ڕەهای کەم لەو ماوەیەدا.**

**کەرتەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازی و خزمەتگوزاری بەردەوامن لە پشتبەستن بە پەیوەندی نێوان دەوڵەت و نەوت ، بە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ.**

پەرەسەندنەکانی کەرتی وزە لە سیاقی خۆیدا

# قەیرانەکەی گەرووی هورمز و لاوازییە بونیادیەکانی سیستەمی هەناردەکردنی نەوتی عێراق

دەستەی نووسەرانی ئاسۆی وزەی عێراق



گەرووی هورمز: کەشتی جۆن شوێرمان  شانبەشانی کەشتییەکی رووکاری بێ سەرنشین ڕێڕەوی ئاوەکە دەبڕێت لە رۆژی  19ی نیسانی 2023. وێنەکە وەرگیراوە لە تەکنیکاری سیستەمی زانیاری پلە یەک ڤینسێنت ئاگویر.

# چی ڕوویدا؟

شەڕی ئەم دواییەی ئەمریکا و ئیسرائیل لەگەڵ ئێران، ڕێڕەوی کەشتیوانی لە گەرووی هورمز پەکخست. ئەمەش دەستبەجێ لاوازییە بونیادی و درێژخایەنەکەی سیستەمی هەناردەکردنی نەوتی عێراقی ئاشکرا کرد. نزیکەی ٩٣%ی هەناردەی نەوتی خاوی عێراق لە ڕێی ژێرخانی هەناردەکردنی بەسرەوە ئەنجامدەدرێت، ئەمەش بەتەواوی پشت بە ڕێڕەوە کراوەکەی کەنداوی عەرەب\فارس دەبەستێت بێ پچڕان و گرفت. لە مانگی پێش شەڕەکە و داخستنی گەرووی هورمز، تێکڕای هەناردەکردنی نەوتی عێراق لێرەوە نزیکەی ٣.٢٦ ملیۆن بەرمیل بوو لە ڕۆژێکدا، بە نزیکەی ٦٨ دۆلار بۆ هەر بەرمیلێک. وەستانی تەواوەتی ئەم هەناردەکردنە بە نزیکەی ٢٢١ ملیۆن دۆلار زیانی لە داهاتی ڕۆژانەی عێراقدا. ئەم ئامارانە مایەی تێڕامانە چونکە نەوت نزیکەی ٩٠%ی داهاتی حکومەتی فیدراڵی عێراق پێک دەهێنێت.

# بۆ ڕوویدا؟

جوگرافیا و وێستگەی هەناردەکردنی نەوتی عێراق بۆ ماوەی دەیان ساڵە گۆڕانکارییەکی ئەوتۆی بەسەردا نەهاتووە. زۆربەی هەناردەکردنی وڵاتەکە لە تێرمیناڵ و بەندەرەکانی بەسرە و چەندین وێستگەی دەریایی هەمان ناوچەوە دەگاتە ئاوە نێودەوڵەتییەکانی کەنداو. ڕێڕەوی جێگرەوە، لەوانە هێڵی بۆری عێراقی لە سعودیە (IPSA) بۆ دەریای سوور، هێڵی بۆری عێراق - سوریا بۆ دەریای ناوەڕاست و هێڵی بۆری عێراق - تورکیا (ITP)، هەموویان لە ساڵانی حەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا بونیادنراون. ئوردن و عێراق لە ساڵی ٢٠١٣ ەوە تاوتوێی بونیادنانی بۆری عێراق و ئوردن دەکەن، بەڵام ڕێکەوتنەکە هەر لە بواری ڕێکەوتن - نامەی لێکتێگەیشتندا ماوەتەوە و جێبەجێ نەکراوە.

لە ئێستادا تەنیا هێڵی بۆری عێراق - تورکیا ITP بەردەوامە لە کارکردن. لێرەوە نزیکەی ٢٥٠،٠٠٠ بەرمیل نەوت لە ڕۆژێکدا هەناردە دەکرێت، لە کاتێکدا توانای هەناردەکردنی ١ ملیۆن و ٦٠٠ هەزار بەرمیلە. بەڵام ئەم ڕێڕەوەش سنووردارە بەهۆی تێکچوونی ژێرخانی گواستنەوەی نەوتی ناوخۆی وڵاتەکە، دابەزینی ئاستی بەرهەمهێنان لە کێڵگەکانی باکوور و شەڕ و ناسەقامگیری ناوچەکە. هاوکات ڕێگاکانی دیکە بەهۆی چەند کێشەیەکی جیاوازەوە بەکارنایەن وەک تێکچوونی فیزیکی بۆرییەکان و ناکۆکییە سیاسییە چارەسەرنەکراوەکان و گۆڕانکاری پەیوەندییە سیاسییەکانی نێوان عێراق و وڵاتانی دراوسێی.

# بۆچی بۆ عێراق گرنگە؟

چڕبوونەوەی کەناڵەکانی هەناردەکردنی نەوتی عێراق لە بەسرە تەنیا کێشەیەکی لۆجستی نییە، بەڵکو کاریگەری ئابووری و دارایی بەرچاوی هەیە. لە ڕووی تیۆرییەوە ڕێڕەوی باکوور دەیتوانی ٤٠٠ تا ٥٠٠ هەزار بەرمیل نەوت لە ڕۆژێکدا بگوازێتەوە، بەڵام نادڵنیایی ئەمنی و ناکۆکییەکانی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و بەغداد دوای داخستنی گەرووی هورمز، هەرچەشنە دەستپێکردنەوە و هەناردەکردنێکی بۆ نزیکەی ١٨ ڕۆژی دیکە دواخست. نەبوونی دڵنیایی و متمانە بۆ کارکردنی کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکانی نەوت کە لە کوردستان کاردەکەن وایکردووە ڕۆژانە ٢٠٠ هەزار بەرمیل نەوتی کەمتر هەناردە بکرێن. پەیوەندییەکانی عێراق لەگەڵ ئەو وڵاتانەی کە دەکرا ڕێڕەوی جێگرەوە بن وەک سعودیە و ئوردن و سوریا بەردەوام لە ئاڵۆزبووندایە بەهۆی فشارە سیاسییە ناوخۆییەکان کە ڕێگرن لە بونیادنانی پەیوەندی ئاسایی دوولایەنە.


# چاوەڕوانی چ پەرەسەندنێک بکەین؟

تا ئەم قەیرانە بەردەوام بێت، عێراق لە زیان و نەهامەتییەکی دارایی سەختدا دەمێنێتەوە. حکومەتی نوێی عێراق پێویستە ئەوە نیشان بدات کە تا چەند وەبەرهێنان لە پرۆژە ستراتیجیە ژێرخانیەکان دەکاتە پێشینەی کارەکانی. عێراقیەکان باش ئاگاداری ئەو سیاسەت و گفتوگۆ تەکنیکیانەن کە دەربارەی هەمەچەشنکردنی کەناڵەکانی هەناردەکردنی نەوت هەیە. پرسیارەکە ئەوەیە؛ ئایا ئاستەنگیە دامەزراوەییەکان، کورتهێنانی دارایی، لاوازی متمانەی وەبەرهێنەران، ئابووریی سیاسی پۆپۆلیزم و تایەفەگەری جارێکی تر ڕێگەدەدەن حکومەتەکە وانەیەک لەم قەیرانە سەختەی ئەمڕۆوە فێر ببێت؟

پەرەسەندنەکانی کەرتی وزە لە سیاقی خۆیدا

# هاتنی شێڤرۆن بۆ عێراق ئاماژەیە بۆ گۆڕینی کەشی وەبەرهێنان لە کەرتی نەوتدا

دەستەی نووسەرانی ئاسۆی وزەی عێراق



مەراسیمی واژۆکردنی گرێبەستی شیڤرۆن و عێراق لە ٢٣ی شوباتی ٢٠٢٦ لە بەغداد بەڕێوەچوو، وێنەکە لە نوسینگەی سەرۆک وەزیران محەمەد شیاع سودانی وەرگیراوە.

# چی ڕوویدا؟

لە ٢٣ی شوباتی ٢٠٢٦، عێراق پاکێجێک ڕێککەوتننامەی واژۆکرد کە ڕێگەخۆشکەرن بۆ هێنانی کۆمپانیای شیڤرۆن (یەکەێک لە کۆمپانیا نەوتیە گەورەکانی ئەمریکا) بۆ کێڵگەی قورنەی ڕۆژئاوا-٢. ئەمە یەکێکە لە گەورەترین کێڵگە نەوتیە بەرهەمهێنەرەکانی عێراق. ئەم ڕێکەوتنانە دوای دەرچوونی پێشبینیکراوی کۆمپانیای لوکئۆیڵی ڕووسی بوو کە لەژێر زەبری سزاکانی ڕۆژئاوادا ناچارکرا کێڵگەکە جێ بهێڵێت دوای ١٧ ساڵ کارکردن تیایدا. ئەم گرێبەستە بەڕێوەبردنی کاتی کێڵگەکە دەگوازێتەوە بۆ کۆمپانیای نەوتی بەسرە و ماوەی دەرفەتی ساڵێکیش دەدات بە کۆمپانیای شیڤرۆن بۆ دانوستان دەربارەی گرێبەستێکی نوێ. سەرەڕای ئەمە، یاداشتنامەیەکی لێکتێگەیشتنی تر واژۆکرا  بۆ ئەگەری هاریکاری نێوان عێراق و شێڤرۆن لە کێڵگەی نەوتی بەلەد و دواتر چەندین ناوچەی گەڕان و پشکنین لە پارێزگای زیقار.

# بۆ  ڕوویدا؟

ئەگەری هاتنی کۆمپانیای شیڤرۆن ڕەنگدانەوەی گۆڕانکارییەکی دیاری سیاسییە لە کەرتی نەوت و غازی عێراقدا. ئەمەش دوای هێنانی کۆمپانیای تۆتال ئینێرجیز لە بەسرە، بانگهێشتی ئێکسۆن مۆبیل بۆ گەڕانەوە بۆ مەجنوون و گەڕانەوەی بی پی بۆ کێڵگەکانی کەرکوک دێت. لە دە ساڵی ڕابردوودا، کۆمپانیا ڕۆژئاواییەکان وردە وردە کارکردنیان لە عێراقدا کەمکردەوە، لە کاتێکدا کە کۆمپانیا ڕووسی و چینییەکان بەشداریکردنیان فراوان دەکرد.
بەڵام سزاکانی ئەم دواییەی سەر کۆمپانیا نەوتیەکانی ڕووسیا ئەم ڕەوتەیان پێچەوانە کردەوە. پێدەچێت بەغداد ئەم دەرفەتە بقۆزێتەوە، نەک تەنیا بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەی ڕۆیشتنی ڕووسەکان دروستی دەکەن، بەڵکو دوور نیە بیەوێت بە گۆڕینی وەبەرهێنەر و هاوبەشەکانی لە کەرتی نەوتدا جارێکی تر هەڵوێستی خۆیشی لە هاوکێشە سیاسی و هەرێمایەتییەکان بگۆڕێت.

# بۆچی بۆ عێراق گرنگە؟

کێڵگەی نەوتی قورنەی ڕۆژئاوا-٢ ڕۆژانە نزیکەی ٤٥٠  هەزار بەرمیل نەوت بەرهەم دەهێنێت، ئەمەش بڕێکی بەرچاوە لە کۆی گشتی بەرهەمی عێراق. بۆیە هێشتنەوەی ئەم کێڵگەیە بە کارایی، بۆ ستراتیژی بەرهەمهێنان و دروستکردنی داهاتی دەوڵەت زۆر گرنگە. هاتنە ناوەوەی شێڤرۆن لێرەدا ئاماژەیەکی فراوانتریشی لە گەڵ خۆیدا هەڵگرتووە: عێراق دەتوانێت کۆمپانیای گەورەی ئەمریکی بەلای خۆیدا ڕابکێشێت لە کاتێکدا کە سەرلەنوێ ڕێکخستنەوەی جیۆپۆلەتیکی ناوچەکە ئەوە دیاری دەکات کێ وەبەرهێنان لە کەرتی وزەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکات و لە کوێ.

عێراق کێشەی زۆری هەبوو لە ڕاکێشانی کۆمپانیا  نەوتیە گەورە ڕۆژئاواییەکان لە دوو خولی یەکەمی خستنەڕووی کێڵگەکانی بۆ وەبەرهێنەران لە ساڵی ٢٠٠٩ەوە. لەم ڕێکەوتنەدا، گواستنەوەیەکی بێ کێشەی خاوەندارێتی، یان بەڕێوەبردنی کێڵگەکە،  بە شێوەیەکی گونجاو و دوور لە پەکخستنی بەرهەمهێنان، بەردەوامی داهاتە نەوتیەکانی دەوڵەت دەپارێزێت لە کاتێکدا کە  وڵاتەکە لە ژێر فشاری دارایيدایە.
بەڵام لێرەدا مەترسی لەسەر چارەنووسی ئەم ڕێککەوتنە هەیە، چونکە ئەم ڕێککەوتنە چونکە لە گەڵ حکومەتێکی کاربەڕێکەردا ئەنجامدراون و پێگەی یاسایی و ماوەی سیاسییان بە نادیاری ماوەتەوە، تا ئەو کاتەی حکومەتی نوێی عێراق پێکدەهێنرێت و پەسەندیان دەکات.

# چاوەڕوانی چ پەرەسەندنێک بکەین؟

دانوستانەکانی قورنەی ڕۆژئاوا-٢ بە شێوەیەکی کاریگەر پێشینەیەک دروست دەکات بۆ ژینگەی وەبەرهێنان لە کەرتی  نەوت و غازی عێراق. توانای بەغداد بۆ قۆستنەوەی ئەم دەرفەتە ستراتیژییە تا ڕادەیەک پێمان دەڵێت کە چۆن گەشەی بەرهەمهێنانی درێژخایەن و بەکارهێنانی غازی بەرهەم هاتوو؟ بۆ کارەبا مسۆگەر دەکات و دواجاریش داهاتە نەوتیەکانی دەوڵەت زیاتر دەکات.
لەگەڵ ئەمەشدا، چۆن پێشهاتە جیۆپۆلەتیکییە ناوچەییەکانی پەیوەست بە شەڕی ئەمریکا و ئیسرائیل دژی ئێران کاردەکەنە سەر ئابووری و ئاسایشی عێراق، بە تایبەتی کەرتی وزە و ژینگەی کارکردنی شیڤرۆن، دیسان هەر گۆڕاوێکی سەرەکییە  و دەبێت چاودێری بکرێت.

پەرەسەندنەکانی کەرتی وزە لە سیاقی خۆیدا

# شەڕو نائارامییە هەرێمایەتییەکان بازاڕی ناوخۆیی تێکدەدەن

دەستەی نووسەرانی ئاسۆی وزەی عێراق



تەنکەرێکی سووتەمەنی لە کاتی بارکردنی بەرهەمە نەوتیەکان لە پاڵاوگەی کەربەلار. وێنە: ماڵپەری فەرمی پاڵاوگەی کەربەلا

# چی ڕوویدا؟

شەڕی نێوان ئێران و ئەمریکا و ئیسرائیل بووە هۆی کەمبوونەوەی سووتەمەنی لە سەرانسەری عێراق، هاوکات کاریگەری لەسەر خستنەڕووی بەنزین و گازی شل (LPG) هەبووە. ئەوەبوو حکومەتی عێراق بەپەلە ڕێگەیدا بەنزین هاوردە بکرێت و کۆمپانیای بەبازاڕیکردنی نەوتی عێراق (سۆمۆ)ی ڕاسپارد بۆ هاوردەکردن و سازشی کرد لە گشت یاسا و ڕێساکانی سنووردارکردنی هاوردەی سووتەمەنی. کەمبوونەوەی بەرهەمە نەوتیەکان لە بازاڕە ناوخۆییەکان کاتێک دەستی پێکرد کە هەندێک بەشی پاڵاوگەکان داخران، کارمەندە بیانییەکانی هەندێکیان عێراقیان بەجێهێشت بە هۆی شەڕەکەوە، بەرهەمی غازی هاوەڵی کێڵگەنەوتیەکانی بەسرەش زۆر کەمی کرد.

# بۆ ڕوویدا؟

ئەم گرفتانە بەهۆی کۆمەڵێک هۆکاری تایبەتەوە بوون، لەوانە: کارمەندانی بیانی پاڵاوگەی کەربەلایان بەجێهێشت، ئەمەش بووە هۆی وەستانی بەرهەمهێنانی ئەو بەشەی کە بەنزینی محەسەنی (کوالیتی بەرز)ی بەرهەم دەهێنا. لە پاڵاوگەکانی تردا، کەمی توانای عەمبارکردنی نەوتە ڕەشە (کە پاشماوەی پاڵاوگەکانە) ناچاری کردن بڕی پاڵاوتن کەم بکەنەوە چونکە جێگایان نەبوو نەوتە ڕەشەکەی تیا هەڵبگرن و دەرفەتی فرۆشتنیشی نەبوو بەهۆی داخستنی گەرووی هورمزەوە. ئینجا لە هەرێمی کوردستان، داخستنی بەشی پاڵاوتنی کێڵگەی کۆرمۆر بۆ دابینکردنی غازی شلی LPG (غازی ماڵان) بە شێوەیەکی بەرچاو نرخی غازەکەی گرانکرد و بڕەکەی لە بازاڕدا کەمکردەوە.

# بۆچی بۆ عێراق گرنگە؟

کاریگەرییەکانی بەرزبوونەوەی نرخەکان ڕاستەوخۆ و نەرێنی بوون. تا سەرەتای مانگی نیسان، نرخی فەرمی غازی ماڵان لە هەرێمی کوردستان لە دەوروبەری ٤٢٥ دینارەوە بۆ هەر لیترێک بەرزبوویەوە بۆ نزیکەی ١١٠٠ دینار (یان لە ٩ هەزارەوە بۆ ٢٠ هەزار دینار بۆ هەر بتڵێک غاز).
هاوکات نرخەکان لە بازاڕی ڕەشدا زیاتر بوون. بەهۆی گۆڕینی سووتەمەنی لە غازەوە بۆ نەوت، نرخی نەوتی سپی لە دەوروبەری ٧٠٠ دینارەوە بۆ ٩٥٠ دینار بۆ هەر لترێک بەرزبوویەوە. بۆ خێزانە کەمدرامەتەکان یان بازرگانییە؟ بچووکەکان کە پشت بە وزەی پاڵپشتیکراو دەبەستن، ئەمانە تەنیا هەڵئاوسانی بچووک نین، بەڵکو شۆکن. پشتبەستن بە هاوردەکردنی خێرای بەنزین و غاز تیشک دەخاتە سەر ئەو پارادۆکسەی کە عێراق (کە یەکێکە لە گەورەترین بەرهەمهێنەرانی نەوتی خاو لە جیهاندا) هێشتا بەدەست لاوازی ژێرخانییەوە دەناڵێنێت لە کەرتەکانی پاڵاوتن و پرۆسێسکردنی غازدا.

# چاوەڕوانی چ پەرەسەندنێک بکەین؟

لە ماوەی ئەم قەیرانەدا، لاوازی و گرفتەکانی کەرتی نەوت و غازی عێراق بە باشی دەرکەوتن. ئەمە پێویستی وەبەرهێنان لە کەرتەکەدا زیاتر نیشان دەدات، بە تایبەتی پێویستی زیادکردنی توانای عەمبارکردن و بەرهەمهێنانی غازی شلی ماڵان. بەڵام ئەوەی کێشەی بنەڕەتییە، کەمی بەدواداچوونی دامەزراوەیی پێویستە بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشانە پێش ئەوەی قەیرانی داهاتوو ڕووبدات.

پەرەسەندنەکانی کەرتی وزە لە سیاقی خۆیدا

# عێراق ڕێگای هەناردەکردنی سوریای کردەوە بۆ چارەسەری تەنگەبەرییەکانی کەرتی سووتەمەنی

دەستەی نووسەرانی ئاسۆی وزەی عێراق




تانکەری عێراقی کە نەوتی سووتەمەنی قورس دەگوازنەوە بۆ بەندەری بانیاس لە سوریا، لە 1ی نیسانی ٢٠٢٦. وێنەکە لە وەزارەتی وزەی سوریا وەرگیراوە.

# چی ڕوویدا؟

لە ١ی نیسانی ٢٠٢٦ کۆمپانیای سۆمۆ دەستیکرد بە هەناردەکردنی نەوتە ڕەشە (پاشماوەی پاڵاوگەکان) لە ڕێی تەنکەری بارهەڵگرەوە بۆ بەندەری بانیاسی سوریا، لەسەر دەریای ناوەڕاست. ئەمەش یەکەم هەناردەی لەو جۆرەیە لە ماوەی دەیان ساڵدا. لەسەرەتادا ڕۆژانە نزیکەی ٢٠٠ بارهەڵگر بوو، لەگەڵ بوونی پلانی زیادکردنی ئەم ژمارەیە بۆ ٥٠٠ بارهەڵگر. ئەم هەنگاوە لە کاتێکدا هات کە عێراق ڕووبەڕووی سنووردارییەکی سەختی هەناردەکردن بۆتەوە دوای وەستانی ڕێڕەوی کەشتیوانی لە کەنداو. ئاماژە سەرەتاییەکان ئەوە نیشان دەدەن کە دەتوانرێت هەمان ڕێڕەو بۆ هەناردەکردنی نەوتی خاویش بەکاربهێنرێت، ئەگەر ڕێڕەوی هورمز نەکرێتەوە.

# بۆ ڕوویدا؟

پاڵنەرێکی دەستبەجێ بۆ کردنەوەی ئەم ڕێڕەوی هەناردەکردنە کەڵەکەبوونی نەوتە ڕەشە بوو لە ناو پاڵاوگەکانی عێراقدا. لەبەرئەوەی زۆربەی پاڵاوگەکان تاڕادەیەک سادەن و کۆنن، بە ڕێژەی ٤٠%  بۆ ٥٠%ی کۆی ئەو نەوتەی دەیپاڵێون دەبێتە نەوتە ڕەشە. ئەمە بەرهەمێکی لاوەکییە کە پێویستە بەردەوام بگوازرێتەوە بۆ دڵنیابوون لە بەردەوامی پرۆسەی پاڵاوتن. کاتێک ڕێگاکانی هەناردەکردنی کەنداو داخران و توانای عەمبارکردن لە شوێنی پاڵاوگەکان بۆ نەوتە ڕەشە گەیشتە کۆتا سنووری خۆی، زۆرێک لە پاڵاوگەکان ناچاربوون کارکردن کەم بکەنەوە یان بە تەواوی ڕایبگرن. ئەمەش ڕاستەوخۆ بەشدار بوو لە کەمبوونەوەی بڕی بەنزین و گاز و غازی ماڵان بۆ دانیشتووانی عێراق.

# بۆچی بۆ عێراق گرنگە؟

لە کاتێکدا  عێراق بڕێکی زۆر لە داهاتە نەوتیەکانی لەدەستداوە، بەهۆی داخستنی ڕێڕەوی دەریاییەوە، بەکارهێنانی ڕێڕەوی بانیاس، هەرچەندە چارەسەری تەواو نییە، بەڵام هەنگاوێکی باشە بۆ فراوانکردنی بژاردەکانی هەناردەکردن بۆ عێراق. بارهەڵگرەکان لە بنەڕەتدا چارەسەرێکی گران و بچووکن بۆ هەناردەکردنی نەوتی خاوی عێراق. تێچووی هەر بەرمیلێک زۆر زیاترە لە گواستنەوە لە ڕێی بۆرییەوە. تەنانەت بڕی هەناردەکراویش بەهۆی توانای ڕێگاوبان و ئاڵنگاریی لۆجستییەوە لێرە هەر بە سنوورداری دەمێنێتەوە. ڕێگەکەش جارێ هەر بە لاوازی دەمێنێتەوە بەهۆی باروودۆخی ئەمنی هەردوو دیوی سنوورەکە. بەڵام، کردنەوەی دەروازەی بانیاس وەک ڕێوشوێنێکی فریاگوزاری سەیر دەکرێت نەک ستراتیجێک بۆ هەمەچەشنکردنی کەناڵەکانی هەناردەکردنی نەوتی عێراق. لە ڕاستیدا دەرچەیەکی بەپەلەی پێویست بوو بۆ پاککردنەوەی کۆگاکان و گەڕاندنەوەی توانای کارکردنی پاڵاوگەکان.

# چاوەڕوانی چ پەرەسەندنێک بکەین؟

پرسیاری هەرە گرنگ لێرەدا ئەوەیە ئایا عێراق وەک چارەسەرێکی کاتی مامەڵە لەگەڵ ئەم ڕێڕەوە دەکات یان وەک بناغەیەک بۆ چارەسەرێکی دوورمەوداتر؟ نۆژەنکردنەوەی ژێرخانی بۆرییەکانی نێوان عێراق و سوریا لە بنەڕەتدا گۆڕانکارییەکی بەرچاو لە ئابووری و بەهای ستراتیجی ئەو ڕێگایەدا دەکات. ئایا بەغداد بەم ئاڕاستەیە هەنگاو دەنێت؛ یان ئایا گۆڕانکارییە سیاسییەکانی دیمەشق و هەمموو ناوچەکەش ڕێگە بەمە دەدەن؟ دواجار، ئایا ئەم پەرەسەندنە دەبێتە وەرچەرخانێک لە هەمەچەشنکردنی کەناڵەکانی هەناردەکردنی نەوتی عێراق؛ یان زۆر بە سادەیی دەبێتە دەرفەتێکی لەدەستچووی دیکە.

9/ Syrian Petroleum Company, Public Statement, April 1, 2026. https://www.facebook.com/photo?fbid=122127675807122430&set=a.122115497445122430

AMERICAN UNIVERSITY OF IRAQ, SULAIMANI
زانکۆی ئەمریکی لە عێراق، سلێمانی | الجامعة الأمريكية في العراق، السليمانية

American University of Iraq, Sulaimani
Dhia Jafar Center for Energy and Natural Resources

ئۆفیسی سەرەکی
ناوەندی ضیاء جعفر بۆ وزە و سامانە سروشتییەکان
زانکۆی ئەمریکی لە عێراق، سلێمانی
کەمپی زانکۆی ئەمریکی لە عێراق، سلێمانی، بینایA
قاتی ٣، ئۆفیسی ژمارە ٣٦
مۆبایل: ٠٥٣ ٥١١ ٢٠٠٨

بۆ پەیوەندی کردن
ئیمەیڵ: MOHAMMED.HUSSEIN@AUIS.EDU.KRD
مۆبایل: ٠٧٧٠ ١٣٠ ٣١٠٥

ناوەندی ضیاء جعفر بۆ وزە و سامانە سروشتییەکان، ٢٠٢٦
هەموو مافێکی پارێزراوە

.ئەو بابەتانەی لەم گۆڤارەدا بڵاوبوونەتەوە گوزارشت لە بیروڕای نووسەرەکانیان دەکات و مەرج نییە ڕەنگدانەوەیەک بێت بۆ ناوەندەکە یاخود زانکۆی ئەمریکی لە عێراق، سلێمانی